ژماره (٨٣٣) ■ ٢٠١١/٣/٢٨






# میكانیزمی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی

## پێویستی بەئیرادەیەكە هەموومان پێكەوە كۆبكاتەوە



**((دیاردەی گەندەڵی لەو کەسانەوە سەرهەڵدەدات کە لە پێگەیەکدان دەرفەتی ئەوەیان هەیە گەندەڵکاریی بکەن، ئەو کەسانەن کە لە پێگەیەکدان دەتوانن بەرتیل وەربگرن و بەخراپی سوود لە پێگە و مەکانەتی خۆیان وەرگرن، هەربۆیە گەندەڵی وەک شێرپەنجە وایە، ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەش دەگرێتەوە، لەبەرئەوە من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە دەبێت حکومەت کار بۆ ڕیشەکێشکردنی بکات، یان بەلای کەمەوە هەوڵبدات تا ئەو ڕاددەیەی مومکینە بیخاتە ژێر چاودێریی و کۆنترۆڵەوە))**

**پرۆفیسۆر کۆلین چین بۆ گوڵان**



پرۆسەی بەگژداچوونەوەی دیاردەی گەندەڵی، قۆناغێکی دیکەی قۆناغی ئینتقالی هەموو ئەو دەوڵەتانەیە کە لەپرۆسەی گواستنەوە لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمە هەروەك چۆن لەسەر ئاستی سیاسیی گواستنەوە لەقۆناغی شۆڕشگێڕییەوە بۆ قۆناغی دیموکراتی و خەباتی پەرلەمانی وەرچەرخانێکە ڕووبەڕووی حزبە سیاسییەکان دەبێتەوە و فەرز دەبێت لەسەریان گۆڕانکاری لەهەیکەلی حزبایەتی سەردەمی خەباتی شۆڕشگێڕی بکەن و لەگەڵ قۆناغی تازەی ژیانی دیموکراتی و پەرلەمانی یەکبگرنەوە، لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەو تەحدیاتانەی لەقۆناغی ئینتیقالی ڕووبەڕووی حزبە سیاسیەکان و کۆمەڵگە دەبێتەوە لەدوو ئاستدایە:

یەکەمیان: لەسەر ئاستی سیاسیی و لە دوای قۆناغی ڕزگاری دەست پێدەکات کە بریتیە لە ڕێکخستنی ئازادییەکان و وەرچەرخان لە ئەقڵیەتی شۆڕشگێڕی خەباتی چەکدارییەوە بۆ قۆناغی خەباتی ئاشکرا و ژیانی پەرلەمانی و دیموکراتی، کە ئەمەیان زیاتر ڕووبەڕووی ئەو حزبە سیاسیانە دەبنەوە کە ڕاستەوخۆ لە خەباتی چەکدارییەوە تێکەڵاوی خەباتی مەدەنی و ئاشکرای ژیانی پەرلەمانی و دیموکراتی دەبن و پێویستیان بەوەیە ڕۆشنبیری شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بگۆڕن بۆ شەرعیەتی یاسایی، دیاریکردنی چەمکی ئازادی لەڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕانەوە بگۆڕن بۆ ڕێکخستن لە چوارچێوەی سەروەری یاسادا.

دووەمیان: لەسەر ئاستی ئابووری کە لەگەڵ دەسپێکی بونیادی پرۆسەی دیموکراتی دەست پێدەکات، گواستنەوەیە لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ، ئەم گواستنەوەیە لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا دەستی پێدەکرێت کە ژێرخانێکی سەرمایەداری پتەوی لەسەر بنەمای موڵکیەتی تایبەت لەو کۆمەڵگەیەدا بوونی نییە، بۆیە گواستنەوەکە دەچێتە بازاڕێکەوە کەتییدا ڕۆشنبیری سەرمایەداری و ململانێ بۆ کەڵەکردنی سەرمایە بوونی نییە، ئەوانەی کە دەبنە خاوەن پارە و دەچنە بازاڕەوە، بۆ ئەوە ناچن بازاڕ لەسەر بنەمای ململانێی ئازاد بونیاد بنێنەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای قۆرخکردنی بازاڕ، بازاڕێکی قۆرخکراو دروست دەکات، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی لەکۆمەڵگاکانی قۆناغی ئینتیقالی پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدان بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانی وڵات دەبێتە ئەولەویەتی بەرنامەی حکومەت و پارەیەکی هێجگار زۆری بۆ تەرخاندەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەك دروست بێت هەموو فاکتەرەکان ببنە هاندانی بەرپرسانی پۆستە گشتیەگان بۆ گەندەڵی و گەندەڵی ببێتە ئەو دیاردەیەی هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە.

ئەم دووحاڵەتەی ئاماژەمان پێکردن هەردووکیان لە قۆناغێکدان پێی دەوترێت قۆناغی ئینتیقالی، ئەمەش واتە دەکرێت ئەو کەموکورتیانەی سەرهەڵدەدەن چارەسەر بکرێن و ڕێڕەوەکە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئینتیقالی ڕاستبکرێتەوە، هەروەها دەشکرێت کە کەموکورتیەکان کەڵەکەببن و کۆمەڵگە بگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، کەگەڕانەوەیە بۆ تۆتالیتاریەت و دیکتاتۆریەت.

**لەوەتەی هەنگاو بۆ یەك ئیرادەیی و یەك ئیدارەیی هەڵگیراوە. نەوشیروان مستەفا دژی ڕاوەستاوەتەوە و هەر لەسەرەتاوە دژی ئەوە بووە کەئیدارەیەکی یەکگرتوو لە کوردستان بوونی هەبێت**

پسپۆڕان و بیرمەندانی بواری بونیادی دیموکراتی و ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەسەر ئاستی لۆکاڵ و جیهانی، ئێستا کێشەی گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم وەك کێشەیەکی لۆکاڵ سەیر ناکەن، بەڵکو وەك کێشەیەکی جیهانی سەیری دەکەن، چۆن ئەگەر لەوڵاتێکدا دەستدرێژی بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی تاك و گروپەکان هەبێ بیدەنگ نابن و ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و گروپ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی ڕاپۆرتی خۆیان دەنووسن و سەرکۆنەی ئەو کارانە دەکەن و بەجیهاندا بڵاوی دەکەنەوە، بەهەمان شێوە ئێستا لەسەر ئاستی ئابووری و گەشەپێدان و بۆ ڕێگرتن لەدیاردەی گەندەڵی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و چەندین گرووپ و ڕێکخراوی دیکەی نێودەوڵەتی ساڵانە ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئاستی گەندەڵی

تینا سۆرەیدا بۆگۆلان:

# پێویستە چاودێرییەکی ئاکتیڤ بوونی هەبێت، بێجگە لە پشت بەستن بە میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبێت ژمارەیەک پسپۆڕ و شارەزاو لە دامەزراوەکانی چاودێری کە زانیارییەکان لەبەرچاوبگرن بوونیان هەبێت

لەوڵاتانی جیهان دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوەو، لەسەر ئاستی ئەو راپۆرتانە کۆمپانیا و بزنسمان و بانکە جیهانییەکان مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان دەکەن، یان بواری ئەندامێتیان لە رێکخراوی بازرگانی جیهانی بۆ دەکەنەوە. لەمەش گرنگتر ئەگەر ئاستی گەندەڵی لەوڵاتێکدا بەرز بێت، یان گەندەڵی بووبێتە دیاردەیەك و جومگەکانی کۆمەڵگەی گرتبێتەوە، ئەوا بانکی نێودەوڵەتی و بانکە جیهانییەکانی دیکە و یارمەتیەکانی دەوڵەتانی بەخشەر، ئامادەنین بیدەنە ئەو وڵاتانەی دیاردەی گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدایە، هەربۆیە مەترسی گەندەڵی تەنیا مەترسیەك نییە لەسەر ئاستی لۆکاڵ کاریگەری سلبی و مەترسیداری هەبێت، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، وەك کیانێك یان ئەندامێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت.

## دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵی و هەوڵەکان بۆ بەگژداچوونەوەی

ئەگەر چاوێکی خێرا بە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو و دەوڵەتانی دوای شەڕ و پۆست کۆمونیستدا بخشێنین، لۆژیکانە ریزبەندی ئەم دەوڵەتانە بکەین لەسەر بنەمای سەرکەوتنیان لەپرۆسەی بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و زەمینە رەخساندن بۆ بونیادی دیموکراتی لیبرالی، ئەوا دەبینین، ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی لەم پرۆسەیە سەرکەوتوون، یان هەنگاوی باشیان بەرەو سەرکەوتن بڕیووە، زۆر لەو دەوڵەتانە کەمتر کە لەپرۆسەکەدا شکستیان هێنانەوە و گەڕانەونەتەوە بۆ حکومڕانی تۆتالیتاریی یان لەباشترین حاڵەتدا شێوازی حکومڕانی ئەسۆریتاریانیزم (السلطوی)، بۆ نموونە وەك کۆماری چینی میللی.

ئەو پسپۆڕ و بیرمەندانەی لەم بوارە کاریان کردووە، کاتێك بەراورد لەگەڵ ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وەك ( تایوان و سەنگافورا و ژاپۆن و کۆریای باشوور و چیلی و کۆستاریکا و پتسوانا و سلۆفاکیا و پۆڵەندا و کۆماری چیك و بولگاریا و رۆمانیا دەکەن) بۆ هەموویان ئاماژە بەخاڵێکی زۆر گرنگ دەکەن، ئەویش رێکخستنی بازاڕە بەرێگەی سەروەریی یاسا و بەهێزکردنی دامەزراوە

> **دیاردەی گەندەڵی بۆتە ئەو دیاردەیەی کە ئیرادەیەك هەیە دەیەوێت بازرگانی سیاسیی پێوە بکات، یان گەندەڵکاران دەشارێتەوە بۆ ئەوەی نەبینرێن**

گشتیەکان، ئەوجا بەشێك لەوڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست وەك سلۆفاکیا و کۆماری چیك و سلۆفینیا و رۆمانیا و بولگارییە، لەبەرئەوەی خۆیان خاوەنی ژێرخان یان کەلتورێکی لیببرالیزم بوون، ئەوا کاری ئەوان بۆ پیادەکردنی سەروەریی یاسا لەدەوڵەتانی دیکەی پۆست کۆمونیست ئاسانتر بووە، بەڵام لە دەوڵەتەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکای لاتینی و پتسوانا لەئەفریقیا،ئەم ژێرخانە بۆ بونیاد پیادەکردنی سەروەریی یاسا کاری بۆکراوە و هەوڵدراوە بەپێی سەروەریی یاسا ئابووری لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ رێکبخەنەوە، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەمێژووی پرۆسەی بونیادنەوەی نەتەوەدا، هاوکات و هاوشانە لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەکە؟ بێگومان زۆربەی پسپۆڕان لەسەر ئەم مەسەلەیە بیروبۆچوونی هاوشێوەیان هەیە و پێیان وایەبەپێی مێژوو پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دوای ماوەیەك لە دەسپێکی پرۆسەی بونیادنانەوە دەستی پێکردووە، بەڵام بۆ ئێستاو بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو دەوڵەتانە و بەسوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم دەکرێت هاوکات و هاوشان لەگەڵ دەسپێکی پرۆسە دیموکراتیەکە، هەڵمەتی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیش دەست پێبکات، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دوانەکەوتووە؟ یان وەك لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئاماژەی پێدەکەن ماوەی بیست ساڵ دوانەکەتووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش کە پێویستی بە هەڵوەستەکردنێکی واقیعیانە هەیە، دەکرێت لەسەرچەند ئاستێك وەڵامبدرێتەوە:

١- هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٢ — ٢٠٠٥ لەبارێکی تایبەتی بووە و بەدرێژایی ئەم ١٣ ساڵە تەنیا ٢٢ مانگ حکومەتێکی فیفتی بەفیفتی بوونی هەبووە، کە لەبنەڕەتدا دوو حکومەت بوو لەناو یەك حکومەتدا،

راشكاوانەتر لە حكومەتدا جێگری سەرۆكی حكومەت دەسەڵاتەكانی هاوتای دەسەڵاتەكانی سەرۆكی حكومەت بووە و لەوەزارەتەكانیشدا جێگری وەزیر دەسەڵاتی وەزیری هەبووە، هەربۆیە ناكرێت بە ئەزموونی فیفتی بە فیفتی بگوترێت، ئەزموونی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك حكومەتێكی یەكگرتوو.

٢- لەساڵی ١٩٩٢ – ٢٠٠٥ لەسەر ئاستی سیاسیی ناوخۆی كوردستان، جۆرێك لەسەقامگیری ئەمنی هەبووە، بەڵام سەقامگیری سیاسی نەبووە، تەنانەت هەتا ساڵی ٢٠٠٢ ش ئەندامانی پارتی نەیاندەتوانی سەردانی سلێمانی بكەن و ئەندامانی یەكێتیش بەهەمان شێوە،لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و ئێران و توركیا، ئەوا پێوەندییەكان لەحاڵەتێكی هەڵكشان و داكشانێكی سەیر بووە هەموو كاتێك هەڕەشە بوون بۆ سەر سەقامگیری هەرێمی كوردستان.

٣- لەساڵی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٩ كە پێی دەوترێت ماوەی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان و یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، بێگومان هەموو بینمان، ئامانجی سەرەكی كابینەی پێنجەم، هەڵبەستنەوەی دەستە شكاوەكەی دوو لەتبوونی ئیدارەی كوردستان بوو، ئەم هەڵبەستنەوەیەش مەرجدار بوو لە ٤٢ وەزارەت پێكهاتبوو، سێ وەزارەتی گرنگ كە بریتی بوون لە ( دارایی، ناوخۆ، پێشمەرگە ) بووبوون بە شەش وەزارەت و هەر وەزارەتێك كاروباری ناوچەكانی ئیدارەی پێشووی خۆی جێبەجێ دەكرد، ئەمە هەمووی تەنیا لەپێناوی ئەوەبوو زەمینەیەك برەخسێت بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی لەكوردستان بخرێتەوە سەر رێگای خۆی و بتوانرێت بەیەك ئیرادەی، ئیدارەیەكی سەركەتوو لە كوردستاندا بونیاد بنرێت.

**لەكۆمەڵگاكانی قۆناغی ئینتیقالی؛ پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدان بۆ رێكخستنەوەی ژێرخانی وڵات دەبێتە ئەولەویەتی بەرنامەی حكومەت و پارەیەكی هێجگار زۆری بۆ تەرخاندەكرێت. ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی زەمینەیەك بۆ گەندەڵی دروست بێت..**



بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، لەوەتەی ئەو هەنگاوە بۆ یەك ئیرادەی و یەك ئیدارەیی هەڵگیراوە، نەوشیروان مستەفا دژی راوەستاوەتەوە و هەر لەسەرەتاوە دژی ئەوە بووە كە ئیدارەیەكی یەكگرتوو لە كوردستان بوونی هەبێت، ئەم قسەیەشی راشكاوانە لە دیمانەیەكی گوڵاندا كە لەساڵی ٢٠٠٦ هاوكاری رۆژنامەنووسمان فازل نەجیب لەگەڵیدا ئەنجامی دابوو، راشكاوانە ئاماژەی بەوە كردووە كە ئەو (نەوشیروان مستەفا) دوو ئیدارەی سەركەتوویی لەئیدارەیەكی فاشیل پێ باشترە، ئەم دیمانەیە پێش ئەو كاتە كراوە كە بەڕێزی لە یەكێتی جیابۆتەوە، واتە ئەوكاتە ئەو جێگری سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بووە.

ئاماژەكردن بۆ ئەم باكگراوندە، بۆ بەرگری كردن نییە لەوەی بڵێین دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستان بوونی نییە، نەخێر بۆ ئەوەیە بڵێین دیاردەی گەندەڵی بۆتە ئەو دیاردەیەی كە ئیرادەیەكی سیاسی هەیە دەیەوێت بازرگانی سیاسیی پێوە بكات، یان گەندەڵكاران دەشارێتەوە بۆ ئەوەی نەبینرێن، لەمەش خراپتر وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێكرد، دەیانەوێت بمانگێڕنەوە خاڵی سفر، واتە سەرەتای دەسپێكی بەرەی كوردستانی، راشكاوانەتر واتە گەڕانەوە بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتی حزبە سیاسیەكان، واتە گەڕانەوە بۆ رەچاوكردنی بەرژەوەندی حزبە سیاسیەكان لەم باردۆخە ناسكەی كوردستاندا، لەكاتێكدا كە دەگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی ئەو وڵاتانەی كە توانیوویانە بەگژ دیاردەی گەندەڵیدا بچنەوە، دەبینن ئیرادەیەك هەبووە توانیویەتی ئیرادەی هەموو لایەنەكان بۆ پیادەكردنی سەروەریی یاسا و میكانیزمی دەستنیشانكردنی گەندەڵكاران كۆبكاتەوە، هەربۆیە هەنگاوی یەكەم لە دەسپێكی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەو هەنگاوە پراكتیكیانەوە دەست پێدەكات كە سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە پەیامەكی نەورۆزدا ئاماژەی پێكردوو، ئەم پەیامەش بە رێگەی دامەزراوە ئیدارییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان جێبەجێ دەكرێن، نەك جارێكی دیكە بكرێتەوە بەكێشەیەكی سیاسیی و لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییە حزبیەكاندا گەندەڵكاران بشارێننەوە، ئەم پەیامە كە دەربڕی ئیرادەی سەرۆكی هەرێمی كوردستانە بۆ

جۆزیف رۆناڵد ئەکوایی بۆ گوڵان:

# بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان سەرکردەکان و هاووڵاتیان بوونی هەبێت و بۆئەوەی بتوانن پێکەوە کاربکەن لە پێناو ئەو ئامانجەدا

بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و گۆڕینی فاکتەرەکانی گەندەڵی بۆ فاکتەرەکانی دژە گەندەڵی، دەبێت هەموومان پشتگیری لێبکەین و هاوکاری سەرۆکی کوردستان بین، بۆ ئەوەی لەم پرۆسەیەدا سەرکەتوو بێت، ئەوەی دەمێنێتەوە کەکێشەی نێوان حزبە سیاسیەکانی کوردستان و شەڕی هەڵبژاردن و دەسەڵاتە ئەمە پێویستە بکەوێتە دەرەوەی پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و خواستی گەلی کوردستان بۆ نەهێشتنی ئەم پەتاگرانە، لێرەوە ڕۆڵی میدیاکانی کوردستانیش، بەتایبەتی میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەبێت ڕۆڵێکی پێشرەو یارمەتیدەری هەبێت بۆ ئاشکرا کردنی گەندەڵکاران و پیشاندانی بۆبەردەمی رای گشتی و دواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستاندا، دەبێت هەموو هەوڵێك بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی بەکردەیی پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دەست پێبکات و سەروەرییە نیشتمانییەکان نەکرێنە قوربانی چەند کەسێکی گەندەڵکار، یان لەژێر چەتری سەروەرییە نیشتمانییەکان، یان لەژێر باڵی بەناو ئۆپۆزسیۆن خەڵك بشارنەوەو، گەندەڵکاران جارێکی دیکە پرۆسەی چاکسازی بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە بفرۆشنەوە بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەدا گرنگە بەشێوەیەکی پراکتیکی هەنگاو بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە هەڵبگیرێت و رێوشوێنی پێویستی یاسایی بۆ نەهێشتنی ئەم پەتایە بگیرێتە بەر.

بۆ زیاتر ڕۆچوون لەسەر ئەم پرسە و چۆنییەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم پەتایە، راوبۆچوونی چەندین کەسایەتیمان لەشوێنە جیاجیاکانی جیهان وەرگرتووە کە لێرەدا پوختەی بۆچوونەکانیان دەخەینە ڕوو.

### ئاشکراکردنی گەندەڵکاران بۆ ئەوەی تەڕو وشك پێکەوە نەسووتێت

مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەدووشێوەیە:

یەکەمیان: لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان لەو وڵاتانەی لەدەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان، وەك وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و دەوڵەتانی پۆست کۆمونیستی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست، بەوجۆرەیە ئەم دیاردەیە بکرێتە چەکێکی سیاسیی و دژی سیستمی دامەزراوەیی دیموکراتی بەکار بهێنرێت، ئەوانەی دیاردەی گەندەڵی دەکەنە ئەم چەکە سیاسیە دژ بەسیستمە دیموکراتیەکە، ئەو سەرکردە چەپە مارکسیانەن کە پێیان دەگوترێت پۆپۆلیستی چەپ، لەو روانگەیەوە رەخنەکانی خۆیان لەناو کۆمەڵگە بڵاو دەکەنەوە، کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ( ئابووری لیبرال دیموکراتی ) شێوازێکە لە بەرژەوەندی هەژارن نییە و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەنتر دەکات و هەژارەکان هەژارتر دەکات، هەربۆیە ئەو جۆرە پۆپۆلیستە چەپانە بڕوایان بەوە نییە ئەم سیستمە چاکبکرێت، بەڵکو بروایان بەوەیە پێویستە شێوازی بەرهەمهێنان و پرۆسەی پەرەپێدان بەشێوازی سەرمایەداری بگۆڕێت بۆ شێوازی سۆسیالیستی، گۆڕینی بەهاو مانای عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سیستمی لیبرال دیموکراتی بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی لە سیستمی سۆسیالیستیدا، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی یەکسانی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان دروست بێت، ئەمە یەکەمین رەخنەی کارل مارکس بووە لە سیستمی ئابووری بەریتانیا کە پێی وابووە کەڵەکردنی سەرمایە لەسەر حسابی هەژارەکانە، لەکاتێکدا وەك کارل پۆپەر رەخنە لە بۆچوونەکەی مارکس دەگرێت، دەڵێت، ئەو سیستمە سەرمایەدارییەی مارکس پێی وابوو هەژارەکان هەژار تر دەکات و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەکات، بۆتە هۆکاری ئەوەی هەژارەکانیش دەوڵەمەند بن و بگۆڕێن بۆ چینی ناوەند و سەرمایەدارەکانیش بتوانن سەرمایەکانی خۆیان زیاتر بکەن، بۆیە ئێستا کە گوێمان لە داواکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت و پێدادەگرێت بەوەی پێویستە ئەم سیستمە بروخێت، ئەو دوژمنایەتی لەگەڵ سیستمی دیموکراتی هەرێمی کوردستان

**لەناو بزوتنەوەی گۆڕان، دەسەڵاتی تاکەکەسی سەرۆکی بزوتنەوەکە هەموو هەیکەلی ئەو حزبە سیاسیە دەسڕێتەوە، ئەمە مەترسیەکی ترسناکە و زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و رۆژهەڵاتی ئەوروپا بەدەستیەوە دەناڵێنن**

هەیە، لەسەر شێوازی بەرهەمهێنان و پرۆسەی پەرەپێدان هەیە، کە وەك پۆپۆلیستەکانی ئەمریکای لاتینی چۆن دژی ڕێککەوتنی کۆدەنگی واشنتۆن دەبنەوە و هیچ سیستمێکی دامەزراوەیی دیموکراتیان قبوڵ نییە بە هەمان شێوە بزووتنەوەی گۆڕانیش سیستمی دیموکراسی دامەزراوەیی قبوڵ نییە و دەیەوێت سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان وەك فریشتە دەربکەوێت و میللەت هەمووی دوای بکەوێت، هەروەك چۆن ئێستا لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا، دەسەڵاتی تاکەکەسی سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕان هەموو هەیکەلی ئەو حزبە سیاسیە دەسڕێتەوە، ئەمە مەترسیەکی ترسناکە و زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەدەستیەوە دەناڵێنن.

دووەمیان: مامەڵەی حزبە سیاسیە ئیسلامیەکانە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی، ئەم حیزب و بزوتنەوە ئیسلامیانە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بوونەتە دیاردە، دیاردەی هەژاری و بێئومێد بوون لەژیان و خۆزگەکان بۆ ئایندە کاڵدەبنەوە، هەربۆیە لەبەرئەوەی ئەمانیش دیموکراتی وەك دیاردەیەکی ڕۆژئاوا سەیر دەکەن، بۆیە لەبری ئەوەی زەمینە بۆ دیموکراسی و پێکەوە ژیان دروست بکەن، و خەڵك هانبدەن زیاتر لە پیشەکەی خۆیدا داهێنان بکات و بەرهەمی خۆی زیاد بکات، هانیان دەدەن روو لە مزگەوتەکان بکەن و بیر لەو دنیا بکەنەوە و دنیای فانی فەرامۆش بکەن، ئەمە مانای ئەوە نییە خەڵکی خوێنەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرز لەناو حزب و بزووتنەوە ئیسلامیەکان نییە، نەخێر؛ ئەیمەن زەواهیری کە دەستەڕاستی ئوسامە بن لادنە، پزیشکە، بەڵام کاتێك ئەم خاوەن بڕوانامانە دەبنە ئەندامی ئەو بزووتنەوە ئیسلامیە، کە زانستەکەی نابێتە ئامانج بۆ ئەوەی خزمەتی مرۆڤایەتی و هاووڵاتیانی خۆی پێبکات، بەڵکو دەیکاتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خزمەتی بزووتنەوە سیاسیە ئیسلامیەکەی پێبکات



دەیەوێت زانستەکەی بکاتە هۆکارێك بۆ فراوانکردنی حزبە سیاسیەکەی، سەبارەت بەدیاردەی گەندەڵیش، بێگومان حزب و بزووتنەوە ئیسلامیەکان ئەوە لەبیر خۆیان دەبنەوە، کە حەزرەتی محەمەد (ص) حەزی نەکردووە خەڵك هەژار بێت، بەڵکو هەوڵیداوە ڕێگەیەك بۆ نەهێشتنی هەژاری لە کۆمەڵگەدا بدۆزێتەوە، هەربۆیە وەك ئەوەی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام فێری بووین یارمەتیدانی هەژار و کەمدەرامەتان بەشێوەیەك بێت ئەگەر بەم دەستە خێرت پێکردن دەستەکەی دیکەت پێی نەزانێت، بەڵام ئەندامانی گرووپ و بزووتنەوە و حزبە ئیسلامیەکان هەژاری خەڵك دەکەنە توخمێك بۆ هەڵسووڕاندنی حزبەکانیان و هەژار و کەمدەرامەتەکان دەهێننە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و دەروونیان بریندار دەکەن بۆ ئەوەی وەك سواڵکەر دەربکەون، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری کاروبەرنامەی حزبە ئیسلامیەکان بکەین، دەبینن پرۆژەی خەیریان هەیە، بەڵام پرۆژەی وەبەرهێنانیان نییە،کەواتە ئامانجی حزبە ئیسلامیەکانیش بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارەکان زیاتر بن، نەك وەك حەزرەتی محەمەدی پێغەمبەرمان ( ص) کە هەوڵیداوە رۆژ لەدوای رۆژ هەژارەکان کەمتر ببنەوە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ یارمەتی هەژاران بدرێت کە هەستیان بریندار نەکرێت.

ئەم دووشێوازەی کە ئاماژەمان پێکردن، ئێستا لەکوردستان پێکەوە بوونە هاوپەیمان و پێکەوە داوا دەکەن ئەو سیستمە سیاسیەی ئێستا لەکوردستان بوونی هەیە بڕوخێت و سیستمێکی پۆپۆلیستی یان ئەگەر ئیسلامیەکان بۆیان بچێتەسەر، سیستمێکی هاوشێوەی تاڵیبانی ئەفغانستان دابمەزرێت، هەربۆیە کاتێك باسی گەندەڵی دەکەن و، پیشاندانی گەندەڵیەکانیان بۆ ئەوەیە بازرگانی سیاسیی پێوەبکەن نەك چارەسەری کێشەی گەندەڵی بکەن، سەبارەت بەچۆنییەتی دەستپێکردنی میکانیزمی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی پرسیارمان لەپرۆفیسۆر کەوانت سینغ ئوستادی یاسا لە زانکۆی جامۆ لە کشمیر و ئەندامی

**هەنگاوی یەکەم لە دەسپێکی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەو هەنگاوە پراکتیکیانەوە دەست پێدەکات کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەی نەورۆزدا ئاماژەی پێکردوو. ئەم پەیامەش بە ڕێگەی دامەزراوە ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێن**

کۆلین چین بۆ گوڵان:

# دەبێت سیستمەکە هەموار بکرێت بە چەشنێک ڕێگە لە بەرپرسان بگیرێت لەوەی بەرتیل وەربگرن یەکێک لەو کێشانەی لەو وڵاتانەدا باوە کە گەندەڵییەکی بەربڵاویان تێدایە

لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەکشمیر کرد و لێمان پرسی: چۆن دەست بکەین بە پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی؟ لەوەڵامدا پرۆفیسۆر سینغ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ( پێش هەموو شت دەبێت هەوڵبدرێت خەڵکانی گەندەڵ دەستنیشان بکرێت، لەبەر ئەوەی دەبێت ئەوە ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە دیاردەی گەندەڵی پەیوەستە بەو خەڵکانەی لە ناو حکومەتدا کاردەکەن، واتە بەرپرسە گشتیەکان، کەواتە من پێم وایە ئەگەر بە بە دواداگەڕانێکی ورد ئەنجام بدەین لەم ڕووەوە ئەوا تا ڕاددەیەکی دیاریکراو دەتوانین ئەم دوو جۆرە خەڵکانە لە یەکتر جیابکەینەوە. سەبارەت بەچۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیەش

**حزبە ئیسلامیەکان هەژاری خەڵك دەکەنە توخمێك بۆ هەڵسوڕاندنی حزبەکانیان و هەژار و کەمدەرامەتەکان دەهێننە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و دەروونیان بریندار دەکەن بۆ ئەوەی وەك سواڵکەر دەربکەون**

لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکان دەرفەتەکانی گەندەڵی زیاتر دەبن، بۆچی؟ لەبەرئەوەی پارەیەکی زیاتر و زیاتر تەرخان دەکرێت بۆ هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێشبردن. بۆ نموونە ئەم حاڵەتە لە هەرێمی جاموا و کشمیر ڕوویدا، کاتێك دارایی تەرخانکرا بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو هەرێمە ئەو کەسانەی بەرپرس و سەرپەرشتیاری دابەشکردنی ئەو پارەیە بوون دەستیاندایە کاری گەندەڵی.

هەربۆیە دەستەیەكبۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دامەزراوە کە دەستەی دژە گەندەڵییەو پێی دەوترێت ڕێکخراوی چاودێری هەرێم، بەڵام ئەم دەستەیە لەو کەسانە پێکهاتووە کە لە هێزەکانی پۆلیسدا ئەدایەکی باشیان نییە و ڕەوانەی ئەم دەستەیە دەکرێن، دواتر ئەم دەستەیە سەر بە حکومەتی هەرێمەکەیە، هەروەها کاتێك بیەوێت داوایەکی یاسایی دژی کەسێك بەرزبکاتەوە کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت بە تۆمەتی گەندەڵی دەبێت پێشتر مۆڵەتی وەزیری پێوەندیدار وەربگرێ. کە ئەمەش بە مانای ئەوەدێت ئەو داوایە بەرزناکرێتەوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە دەبێت ئەم دەستەیە سەربەخۆ بێت و لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا نەبێت، واتە ئەگەر ئەم دەستەیە بە تەواوەتی سەربەخۆ نەبێت ئەوا ناتوانێت بەشێوەیەکی کارا ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە. بۆیە لێرەدا ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی دێتەپێشەوە کە دەتوانێت چاودێری ئەم چالاکیانە بکات، زانیاریان لەبارەوە کۆبکاتەوە بە تایبەتی ئێمە مافی بەدەستهێنانی زانیاریمان هەیە لێرە کە دەتوانین بەدواداچوون بۆچۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئەو کارانە بکەین و لەسەر ئەساسی ئەو زانیاریانەی کۆیان دەکەینەوە بگەینە دەرئەنجامێکی دیاریکراو، بۆ نموونە ڕەنگە دەرئەنجامەکە ئەوەبێت ئەو پارانەی بۆ ئەو مەبەستێکی دیاریکراو تەرخان کراون بەشێوەیەکی گونجاو بەکارناهێنرێن. بۆیە گرنگە لێرەدا میدیا ڕۆڵی هەبێت، بەتایبەتی کەکاتێك ئەو کەسانەی لەناو دامەزراوەکان یان کۆمپانیاکاندا کاردەکەن و زانیاریان هەیە لە بارەی ئەو سەفەقاتانەی ئەنجام دەدرێن کە یاسایی نین و گەندەڵکاریان تێدایە، ئەم زانیاریانە دەدەنە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوا ئەو کاتە ڕۆڵی ڕاگەیاندن ئەوە دەبێت ئاشکرایان بکات و ئەم کارە گەندەڵکاریانە بخاتەڕوو، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەهیندستان ڕاگەیاندنەکان ئەم ڕۆڵەیان بینی و پەردەیان لەسەر ئەو سەفەقانە لادا کە گەندەڵکارییان تێدابوو، کە ئەمەش مشتومڕێکی نەتەوەیی لێکەوتەوە، بووە جێی باس و خواسی هەموولایەك. کە لەئەنجامدا لێکۆڵینەوە لەگەڵ چەند وەزیرێکدا کرا و ئێستا هەندێکیان لە زیندانەدان، چونکە لەکاری گەندەڵییەوە تێوەگلابوون، لەبەرئەوە ئێمە خۆشحاڵین کە ڕاگەیاندن توانیویەتی ئەم ڕۆڵە ببینێ و بەشداربێت لە دەرخستن و زەقکردنەوەی ئەم کێشانە. لێرەوە ئەگەر باس لە ئەزموونی هیندستان بکەین ئەوا بەهۆی ئەوەی ئەم وڵاتە گەیشتۆتە ئاستێك لە گەشەکردن کەداهاتی تاکەکەس بەرزبۆتەوە، ئەوا لەئەنجامدا هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن توانیویانە داراییەکی زۆر کۆبکەنەوە و بەئاستێك سەربەخۆن دەتوانن ببنە تەحەددا بۆ حکومەتی هیندی، بۆ نموونە توانییان مشتومڕ لەسەر چەند وەزیرێك

بوروژێنن، لەڕاسـتیدا ئەم چەند کەناڵە کەمە یارمەتیدەرمان لەوەی مشتومڕەکە ببەینە بواری ڕای گشـتیەوە، کە ڕای گشتی دەسـتی کردووە بەپرسیارکردن، پرسـیارکردن لەبارەی ئـەوەی کوا ئەو پارانـەی لەبەردەسـتدابوون، چۆن و بە چ شێوەیەك خەرجتان کردووە، ژمارەمان بدەنـێ و بۆمان ڕوون بکەنەوە. پێم وایە ئەم شـێوازی کارکردنەی ئـەو دەزگا ڕاگەیاندنانـە یارمەتیدەرە، لەبەر ئەوەی وردە وردە خەڵکی کارەکان پەسەند دەکەن و موتابەعەیـان دەکەن، کە ئێسـتا ئەو دەزگایانە لە گەشـەکردندان و ئومێدی ئێمە ئەوەیە بە سـەربەخۆیی بمێننەوە و یارمەتی وڵاتەکەمان بدەن. ))

لەدرێژەی ئەم لێدوانەی پرۆفیسـۆر سـینغ بۆ گـوڵان پرسـیاری ئەوەمان لێکرد، بوونی گەندەڵـی بەدیاردەیەکی ترسناك کۆمەڵێك شـوێنی لەم جیهانە گرتۆتـەوە، بۆیە لەمبارەوە سـەبارەت بەوڵاتانـی ئەوروپـای ڕۆژهەڵات بەم جۆرە راو سـەرنجی خۆی خستە ڕوو و وتی: ((من پێش پێنج بۆ شەش ساڵ پێش ئێستا لەناوچەی بەلقان بووم و سەردانی بۆسـنیا و کرواتیام کرد، ئەو ڕاسـتیەم بۆ ئاشـکرابوو کە لە ماوەی نێوان دوو قۆناغدا ئەوا دامەزراوەکان لەچوارچێوەی سیستمی نوێدا دامەزراوەگەلێکی لاواز و لەرزۆك دەبن و لە ڕاسـتیدا پێویستیان

**بۆ ئەوەی بەکردەیی پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی دەست پێبکات و سەروەرییە نیشتمانییەکان نەکرێنە قوربانی چەند کەسێکی گەندەڵکار، با لەژێر باڵی بەناو ئۆپۆزسیۆنیشدا خەڵکی گەندەڵ نەشارنەوەو گەندەڵکارانی دوێنێ بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە پرۆسەی چاکسازی بەپەرلەمان و حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان نەفرۆشنەوە**



بە کاتە بۆ گەشـەکردن و پتەوبوونیان، ئەمەش شـتێکی سروشتیە، لە ڕاستیدا گەشەکردنی دامەزراوەکان و چەسپاندنی میکانیزمەکانـی کۆنترۆڵکردن کاتیان دەوێـت، میکانیزمەکانـی کۆنتـرۆڵ جیاوازن لـە دامـەزراوەکان، بۆ نموونە ئێمە خۆشـحاڵین کەهەرچەندە ناتوانین بڵێیـن گەندەڵـی لـە هیندسـتاندا نییە، بـەڵام پـەرە بەمیکانیزمەکانی کۆنترۆڵکـردن دراوە، وەك چاودێریکردن و بەدواداچوونی حاڵەتەکانی گەندەڵی. ئەوەش ڕاسـتە کەکەسانێکی سوودمەند هـەن لەگەندەڵی، من پێـم وایە دەبێت زۆر بەهێزبین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کەسانە و هەرکەسـێکی دیکە کەدەبێتە کۆسپ لەبەردەم باشترکردن و چاککردنی سیستمەکەدا.))

هەر سەبارەت بەم پرسە بۆ هەڵوەستەکردن لە سـەر ئەزموونێکی دیکە، پرسیارمان لە پرۆفیسـۆر کۆڵین چین ئوسـتادی عەدالـەی جینائـی کرد لـە زانکۆی ڕۆتەر، پرۆفیسـۆر چین لەگەڵ ئەوەی وەك ئەکادیمیەك پسپۆر و تایبەتمەندە لەم بوارە، لەهەمانکاتـدا وەك هاووڵاتیەکی تایوانیـش ئـاگاداری ئەزموونـی تایوانە، بۆیە لێمان پرسـی ئایا تۆ وەك ئەکادیمیەك و هاووڵاتیەکی تایوان چۆن سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: ((دیـاردەی گەندەڵی لەو

کەسانەوە سەرهەڵدەدات کە لە پێگەیەکدان دەرفەتـی ئەوەیان هەیـە گەندەڵکاری بکەن، ئەو کەسـانەن کە لە پێگەیەکدان دەتوانن بەرتیل وەربگرن و خراپ سـوود لە پێگـە و مەکانەتی خۆیان وەردەگرن، هەربۆیە گەندەڵی وەك شێرپەنجە وایە، کە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگـەش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە من هـاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کەدەبێت حکومەت کار بۆ ریشەکێشکردنی بکات، یان بـەلای کەمەوە هەوڵبـدات تا ئەو ڕاددەیەی مومکینە بیخاتەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵەوە،هەروەها دەبێت سیستمەکە هەموار بکرێت، بە چەشـنێك ڕێگە لە بەرپرسان بگیرێت لەوەی بەرتیل وەربگرن، یەکێك لەو کێشـانەی لەو وڵاتانەدا باوە کە گەندەڵیەکی بەربڵاویان تێدایە، ئەوەیە بەرپرسە حکومیەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، بەڵام پارەیەکی کـەم وەردەگرن، لەبەر ئەوە شتێکی سروشتیە کە هەوڵی بەدەستهێنانی پارەی زیاتر بدەن لە ڕێی گەندەڵیەوە، لەبەر ئەوەی موچەی ئاسایی بەشـی خۆیان و خێزانەکانیان ناکات، لە هەمان کاتدا دەبێـت ئەو دامەزراوانە لە ئارادابن کە چاودێری ئەو بەرپرسانە دەکەن کە لە پێگەیەکدان دەرفەتی ئەوەیان هەیە لـە گەندەڵیەوە تێوەبگلێن. پێموایە ئەم پرۆسەیە پێویسـتی بە کاتە، لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی کت و پڕ و ڕاستەوخۆ هەموو شتێك بگۆڕین، بە

کەلوانت سینغ بۆ گوڵان:

# پێش هەموو شت دەبێت هەوڵبدرێت خەڵکانی گەندەڵ دەستنیشان بکرێت، لەبەر ئەوەی دەبێت ئەوە ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە دیاردەی گەندەڵی پەیوەستە بەو خەڵکانەی لە ناو حکومەتدا کاردەکەن

تایبەتی ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ گەندەڵکاری کرابێت، مەبەستم ئەوەیە ناتوانیت لە شەو و ڕۆژێکدا ئەم کارە بکەیت. یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی کە دەبێت لەبەرچاوبگیرێت ئەوەیە کار بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا و پیادەکردنی یاسا بکرێت، دەبێت ئەمە بکرێتە بەهایەك لە ناخی نەوەی نوێدا بچێندرێت، خەڵکانێك هەن لە ئەمەریکا باوەڕیان وایە ئەمە یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕوبەڕبونەوەی گەندەڵی. ))

**حکومەتی کارا و حکومڕانی باش**

یەکێك لە میکانیزمەکانی دیکە کە بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دەگیرێتە بەر، کاراکردنی حکومەت و ڕەچاوکردنی حکومڕانی باشە، جیاکردنەوەی کاراکردنی حکومەت لەگەڵ ڕەچاوکردنی حکومڕانی باشیش لەبەر ئەوەیە، حکومڕانی تەنیا لە حکومەتدا بچووك نەکرێتەوە و پێویستە هەموو ستوونەکانی حکومڕانی وەك (حکومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەری، کەرتی تایبەت، میدیا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) هەماهەنگ بن بۆ ڕوو بوونەوەی ئەم دیاردەیە، سەبارەت بەم لایەن پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جۆزیف ڕۆناڵد ئەکوایی کە ئوستادی ئیدارەی گشتی یە لە زانکۆی کوازۆلۆ ناتاڵ لە باشوری ئەفریقیا، لە لیدوانێکی تایبەت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (بەگژداچوونەوەی دیاردەی گەندەڵی زۆر زەحمەتە، لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەو کۆمەڵگەیەی کە مەبەستتانە. ئێمە ئەو کاتە خەڵکی گەندەڵکار دەناسین کاتێك کە دەستگیر بکرێن، هاوکات بەبێ بەڵگە لەسەر خەڵکی گەندەڵکار هەرگیز ناتوانین خەڵکی ناگەندەڵکار لە خەڵکی گەندەڵکار جیابکەینەوە. لەبەرئەوەی تەنیا بەڵگە و دادگا و یاساکان بڕیارەدرن لەسەر خەڵك کە گەندەڵکارن یان نا. هەربۆیە، هەرگیز ناتوانرێت حوکم بکرێت لەسەر خەڵك کە ئایا گەندەڵن یان نا، جگە لەو کاتەدا نەبێت کە تیایدا کەسانێك بانگبکرێن بۆ بەردەم دادگا و سزا بدرێن لەسەر ڕەفتارەکانیان.بەڵام دەکرێ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکرێت لەڕێگەی ٢ فاکتەر: حکومەتێکی کارا کە هەستێت بە پیادەکردنی سیاسەتەکانی دژەگەندەڵ، لەگەڵ حکومڕانییەکی باش کە تیایدا کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی زۆر ئاکتیڤ بوونی هەبێت. هەربۆیە، لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، پێویستیتان هەیە بە هەبوونی حکومەتێکی دژەگەندەڵ لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ئاکتیڤ بۆ بەرز ڕاگرتنی حکومڕانی، هەربۆیە ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە گرنگن، حکومەتێکی دژەگەندەڵی و حکومڕانییەکی باش و ناکرێ لێکجیابکرێنەوە. هەروەها یەکەم شت، پێویستە دەستەی دژەگەندەڵیی کاراتان هەبێت، دەستەی دژەگەندەڵی زۆر گرنگە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە سەربەخۆ و دەسەڵاتدار بێت. دووەم میکانیزم، پێویستە یاسای کارا بوونی هەبێت، یاسا-گەلێك کە دیاردەی گەندەڵی وەکو تاوانێکی باڵا بژمێرێت، بۆئەوەی بەرپرسە گەندەڵکارەکان بەتوندی سزابدرێن و هاووڵاتیان لەوە بەئاگابن کە دیاردەی گەندەڵی سزای بەدواوە هەیە. سێیەم، پێویستە تا بکرێت بیروکراسییەت کەمبکرێتەوە و سەرکردەکان ڕۆڵیان هەبێت وەك دەسەڵاتدار بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. خاڵێکی تر، پێویستە هاووڵاتیان-یش ڕۆڵیان هەبێت لە ڕوبەڕوبوونەوەی گەندەڵی، بەشێوەیەك کە فشار بخەنە سەر حکومەت و دەسەڵات بۆ داگرتنی ئاستەکانی گەندەڵی. هەربۆیە، من پێموایە کە ڕوبەڕوبوونەوەی گەندەڵی ئەنجامدەدرێت بەهەماهەنگیی هەردووك لە لایەنەکانی سەرکردە و هاووڵاتیان بۆ ئەم مەبەستە. ئێمە ناتوانین بڵێین کەسەرکردەکان گەندەڵن و هاووڵاتیان گەندەڵ نین. بەڕای من پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی بوونی هەبێت لەنێوان سەرکردەکان و هاووڵاتیان بۆئەوەی پێکەوە کاربکەن لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. لەلایەنێکی ترەوە، ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگ و پێویستە، لەبەرئەوەی چەندین یاسای

**وەك پۆپۆلیستەکانی ئەمریکای لاتین چۆن دژی ڕێککەوتنی کۆدەنگی واشنتۆن دەبنەوە و هیچ سیستمێکی دامەزراوەیی دیموکراتیان قبوڵ نییە بەهەمان شێوە بزووتنەوەی گۆڕان سیستمی دیموکراسی دامەزراوەیی قبوڵ نییە و داوای ڕوخاندن دەکات تا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان وەك ئاقەفریشتە دەربکەوێت**

نێودەوڵەتی هەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی. هەروەها رۆڵی میدیاش گرنگە، بەڵام لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیرێکی «ئەفریقیا» بکەین، دەبینین زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە میدیاکاندا کاردەکەن هیچ زانیارییەکیان نییە و هیچ نازانن لەبارەی میدیا و رۆژنامەگەری و پرەنسیپ و ئاکارەکانی ...و تاد. هەربۆیە، لەپێناو بەرز ڕاگرتنی میدیا، پێویستە ڕاگەیاندکار هەوڵبدات بۆ ئەوەی خۆی زیاتر رابهێنێت لەبارەی مەعریفە و زانیارییەکان و پسپۆری لەبوارەکانی میدیا، هاوکات پێویستە لەسەر ڕاگەیاندکار زانیارییەکانی دەوڵەمەندبکات بۆ نموونە لەبارەی ژینگە و مافەکانی مرۆڤ. هەربۆیە، بۆئەوەی میدیا ئەرکی خۆی ئەنجامبدات لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، پێویستە کەسی ڕاگەیاندکار خودی خۆی رابهێنێت لەسەر جێبەجێکردنی کارەکانی میدیا بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ و شیاو و بتوانێت کێشەو لایەنەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن و بابەتییانە و مەبەستدار ئاڕاستە بکات و جەخت بکاتەوە لەو بارەیەی کە حکومەت بەشێوەیەکی گونجاو کارەکانی بەڕێوەدەبات. هەربۆیە، لەم بارەیەوە کۆمەڵگە پێویستیی بەمیدیایەکی بەرپرس هەیە، میدیایەك کە بە سەربەخۆیی و بێلایەنانە کاربکات و راپۆرت و ریپۆرتاژەکان ئاڕاستە بکرێن بەرەو ئامانجی مەبەستدار و بونیاتنەر و توانای هەبێت بۆ خستنەڕووی کێشە و گرفتەکان و گەندەڵییەکان بە مسداقییەت و بەئازادانە و دوور لەحزبایەتی و بەشێوازێکی ئەکادیمییانە.))

هەر لەم چوارچێوەیەدا و بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر میکانیزمی رووبەرووبونەوەی گەندەڵی پرسیارمان لە پرۆفیسۆر تینا سۆریدا ئوستادی ئابووری سیاسیی لە زانکۆی بێرگن و تۆژەری باڵای سێکتەری ریفۆرم لە سەنتەری CMI نەرویژی و سەبارەت بە میکانیزمی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن:(بێگومان گەندەڵبوون پێویستیی بەدەسەڵات هەیە، دەسەڵاتیش پێویستیی بەوە هەیە کە توانست هەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر هەندێ بڕیاری گرنگ، هەڵبەتە ئەو بڕیارانەش لەپێناو بەرژەوەندیی کەسانێك دەبێت. هەربۆیە، گەندەڵبوون پێویستی بەدەسەڵات و بریاردان هەیە، مەسەلەکەش پەیوەستە بەچۆنییەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان لەپێناو بەرژەوەندیی شەخسی. ئەمە جیاوازییەك بوو لەنێوان خەڵکی ئاسایی و کەسانی گەندەڵکار، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانین جیاکردنەوەیەك ئەنجامبدەین لەنێوان کەسانی گەندەڵکار و ناگەندەڵ، بەڵکو چەندین جۆر هەیە



لە سیستەمەکانی چاودێری، هەربۆیە پێویستە جۆری سیستەمە جیاوازەکانی چاودێری شیبکەینەوە. کەواتە پێش هەموو شتێك پێویستە زانیاری لەبەر دەست هەبێت لەبارەی ئەو بڕیارانەی کە دراوە، پێویستە توانای گەیشتن هەبێت بۆ زانیارییەکان و دۆزینەوەی راستییەکانی پشت بڕیارەکان. لەهەمان کاتیشدا پێویستە حکومەت شەفافییەتی هەبێت بۆ خستنەڕووی زانیارییەکان بۆئەوەی هاووڵاتیان بەئاگابن لەبارەی چۆنییەتی دەرکردنی بڕیارەکان و هۆشیار بێت لە رەفتار و کارەکانی حکومەت، بەڵام لەلایەنێکی ترەوە، پێویستە چاودێرییەکی ئاکتیڤ بوونی هەبێت، نەك تەنیا بەپشت بەستن بەمیدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی،



بەڵکو ژمارەیەك پسپۆڕ و شارەزاو کەسانی لێهاتوو پێویستە لەدامەزراوەکانی چاودێری کە زانیارییەکان لەبەرچاوبگرن و کاردانەوەیان هەبێت لەبەرامبەر ئەو زانیارییانە، پسپۆڕ و شارەزا پێویستن لەهەموو بوارەکان بەشێوەیەك کە بتوانن بڵێن کە ئایا بڕیارەکانی حکومەت دروستە یان هەڵەن. بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە و هەربۆیەش پێویستە چاودێرییەکی سەربەخۆ بوونی هەبێت. پێویستە کەسانێکی پاك و راستگۆ و رەوشت باش بوونیان هەبێت بەشێوەیەك کە بتوانن رێگە لە دیاردەی گەندەڵی بگرن و روبەڕوی ببنەوە. لەهەمان کاتیشدا، پێویستە لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە هەبێت لەگەڵ دادگا و دادوەری سەربەخۆ کە توانایان هەبێت لە روبەڕووبونەوە و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هەروەها پێویستە سزای توند بسەپێندرێت بەسەر گەندەڵکاران و ئاستی سزاکان جیاوازبێت لەنێوان ئەو کەسانەی کە گەندەڵی گەورەیان ئەنجامداوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئاستی نزمتریان هەبوو لە گەندەڵی. پێویستە گەیشتن هەبێت بە زانیارییەکان و هاووڵاتیانی ئاسایی بەئاگابن لە کار و رەفتارەکانی حکومەت هەروەها پێویستە ئەو هەستە لای هاووڵاتیان درووست بێت کە حکومەت لە پشتیانە و لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان کاردەکات بۆئەوەی هاووڵاتیان متمانەیان بە حکومەت هەبێت. هاوکات سیستەمی «موسائەلە و موحاسەبە» زۆر گرنگە.
٣ دامەزراوەی گرنگ هەیە، پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادگا. هەڵبەتە ئەم لایەنانە زۆر گرنگن و کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەن. بەڵام بێگومان بۆئەوەی ئەم لایەنانە بەشێوەیەکی ئاکتیڤ کاربکەن، پێویستە حکومەت باج لە هاووڵاتییە ئاساییەکان وەربگرێت، لەهەمان کاتیشدا بۆئەوەی هاووڵاتیان باج بدەن پێویستە متمانەیان بە حکومەتەکەیان هەبێت. هەربۆیە، لەگەڵ وەدیهێنانی هەموو ئەم لایەنانەدا، لەکۆتاییدا دەتوانرێت ئاستەکانی گەندەڵی دابەزێندرێت. ئەمە وەکو میکانیزمێکە، وەکو لێکتێگەیشتن و رێککەوتنێکی دووقۆڵییە لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیان، لەهەمان کاتیشدا پرۆسەیەکە کە پێویستیی بەکات هەیە و پێویستە هەنگاو بە هەنگاو وەدی بهێندرێت.

# پێوەندی دیالەکتیکی لەنێوان ئاسایش و سەقامگیری و ئازادییەگشتییەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراق



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گولان نووسیویێتی



ئەزموونەکان و توێژینەوە زانستی و لێکۆڵینەوە تەتبیقیەکان جەخت لەسەر بوونی پێوەندی هاوبارگەیی و کاریگەرێتی دیالەکتیکی نێوان سێ ئاماژەی بنەڕەتی دەکەنەوە کە لەژیانی تاك و کۆی هەر کۆمەڵگەیەکی سەر رووی ئەم زەمیندا هەن، ئەوانەش یەکەمیان پێوەندی راستەوخۆی نێوان ئازادییە دیموکراتییەکان و ژیانی دەستوورییە، دووەمیان سەروەرێتی ئاسایشی و سەقامگیری و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، سێیەمیشیان رەخساندنی کاروخۆشگوزەرانی ودابینکردن و بیمەی کۆمەڵایەتییە، گەر نارێکییەك لە پێوەری هەر یەك لەم ئاماژانە دروست بێت کاریگەری دەبێت بۆ ئاماژەکانی ترو هەموو پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاسایشی وڵات خاپوور دەکات ..

لەمانەوە سەرنج دەدەینە هەموو گەلانی دنیا کە لەهەوڵدان بۆ ژیانێك لەسایەی ئارامی و سەقامگیری و ئاشتیدا بگوزەرێنن و هەروەها ژیانی مەدەنی و ئازادییە دیموکراتییەکان دەسەبەرکرابن و دواتریش هەلی کارکردن و هاوبەشێتی وبەشداربوون لەپرۆسەی سیاسی و زامنبوونی خۆشگوزەرانییان مسۆگەرکرابێت، ئەوروپییەکان قۆناغی زۆریان بڕیوە تا کەوتونەتە سەر ئەوڕاستەڕێیەی ئێستایان و ئەمڕۆش لە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ؛ چونکە چەمکی قۆرخکردن بەشێوەو ئاستی جیاوازەوە هێشتا لەکۆمەڵگەکانی ئەوانیشدا هەیەو بەدەستیەوە گیرۆدەن و قەبارەی هەژارێتی و بێکاری کارلێکی سلبی کردۆتە سەر کۆمەڵگەکانیان، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتانەش خەباتی کارگەران وسەندیکاکان بەردەوامن و هەر لە ماوەکانی شەڕی ساردەوە تا ئێستاش کە لە ئاکامدا توانراوە یاساو ڕێسا دارێژرێن بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی وتەندروستی تا خەڵکی بە کەرامەتەوە بژیێ و ئەو جیاوازی و نایەکسانییەی نێوان چینەکان کەم بکرێتەوە کە هۆکاری سەرەکین بۆ ململانێ و ناکۆکی سیاسی و تێکچوونی باری ئارامی وڵاتەکانیان

گەرچی وەدیهاتنی سێ ئەرکەکەی ئاماژەم پێدان زەحمەتن بەڵام مەحاڵ نین،لە دەستوورە لۆکاڵیەکان و رەشنووسەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ماف دراوە بە هاووڵاتیان تا بەشێوازی ئاشتیانەو بەئارامی و شارستانیانەوە دوور لە توندوتیژییەوە خۆنیشاندان و مانگرتن ئەنجام بدەن لەبەرانبەریشدا ئەرکی دەوڵەت و دامودەزگاکانێتی بەهێمنی و شێوازی شارستانیانەوە وەڵامی مانگرتنی ئاشتیخوازانە بداتەوە ..

لەزۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا کە سیستمی چەوسێنەرانەو نادیموکراتی پیادەدەکرێت بێکارییەکی بەرفراوان و رێژەیەکی بەرزی هەژاری و نەبوونی ئازادییە گشتیەکان وای لەو وڵاتانە کردووە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەباربچێت و ململانێ و نەیاربوونی سیاسی ئازار بەکۆی کۆمەڵگە بگەیەنێت وەك لەم راپەڕین و مانگرتنانەی لەم دواییەدا لەو وڵاتانە بەرپا کران ..

لەو وڵاتانەش کە توانراوە خۆڕزگاربکەن لەرژێمە دیکتاتۆرییەکان مەرجە لەئەنجامدا بتوانن سیاسەتێکی هاوسەنگی وا پیادەبکەن کە ئەو سێ ئاماژانەی لەم باسەدان ڕابگرن، واتە ئارامی و سەقامگیری و ئاشتی بپارێزن هەروەها ئازادییەکان دەسەبەربکەن و ژیانی دەستووری و کۆمەڵگەی مەدەنی بەدیموکراتیانە فەراهەم بێت و هەلی کار بۆ ئەوانەی توانای کاریان هەیەو یاساش دەرچوێنن بۆ ئەوانەی بێکارن تا بیمەوژیانی هەکەزایی مسۆگەریان هەبێت و نەکەونە ناو حاڵەتی هەژارێتی و تووشی گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و توندڕەوی نەبنەوە لە کۆمەڵگەدا، رەنگە غیابی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەژارێتی تاکەکانی کۆمەڵدا هۆکار بن بۆ یاخیبوون لە دژی دەوڵەت و کۆمەڵگە تا بەو شێوە یاخیگەرییە دەنگیان بە بەرپرسان بگات ..

لە کوردستانی عێراقدا هەرلە ساڵی ١٩٩٨ لەو کاتەوەی رێگەچارەی ئاشتیانە بۆ ناکۆکیەکانی هەردوو حزبی سەرەکی دۆزرانەوە و توندوتیژی بنەبڕکران ودواتریش حکومەتێکی بنکە فراوانی هاوبەش دامەزرێنرا لە ساڵی ٢٠٠٥وە ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر هەرێمدا کێشا و هێزەکانی تاریکی لەڕێی کارە تیرۆریزمیەکانەوە نەیانتوانیوە پەی بەلەناوبردنی ئەو ئارامیە بەرن وەك چۆن ئەوساو ئێستاش تیرۆریستان بەشەکانی تری عێراقیان خەڵتانی خوێن کرد چەند جارێکی لێ دەربچێت کە بەهۆی هەندێ تەقینەوەی تیرۆریستیەوە خەڵکی سڤیلی کوردستانیان پێکا کە بێگومان پاراستنی سەقامگیری لە وڵاتێکی وەك عیراقدا بۆ کوردستان بۆخۆی داستانێکی سەروەرییە ..

دەکرێت ئەم پارێزراوییە ئارامی و ئاشتەواییە کۆمەڵایەتییەی کوردستان ببێتە هاندەر بۆدابین کردنی دوو ئاماژەکەی تر کە خۆیان لە رەخساندنی هەلی کارو دەسەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا و ئازادییەکان دەبیننەوە ..

ئەوەی بە وردبینی لەبزاوی ئاوەدانی بیناسازی هەرێم بڕوانێت بۆی دەردەکەوێت کە بەدروستکردنی خانووبەرەو شەقام و پرد و رێگەوبان بەشێك لە ژێرخانی پەرەپێدان جێبەجێکراوە بەتایبەت لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك کە هەلی کاری بۆ خەڵکی رەخساندووە، گەرچی زۆربەشیان بە کرێکاری بیانی بونیادنراون لەملاشەوە دامودەزگاکانی دەوڵەتی سیخناخن بە مووچەخۆری بێکار کە نزیکەی ٥٠٪ی فەرمانبەرانی هەرێم دەگرێتەوە، کە دەکرێت هەر بەم فەرمانبەرانەوە بەرنامەیەکیان بۆ دابنرێت تا هەرێم لە ناوچەیەکی هاوردەهێنەرەوە بکرێتە ناوچەیەکی بەرهەمهێنەروئەو دەرفەتی کارانەی کە بە کرێکارانی بیانی پڕکراونەتەوە بدرێنە کرێکارانی ناو هەرێم و هاندەربن بۆ بووژانەوەی کەرتەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی .

دەشکرێت سوود لە پسپۆرانی بیانی وەربگیرێت تا مەشق بە کارمەندانی ناوخۆ بکەن و خوێندن و فێرکردن بگۆڕدرێن بۆ

بوارەکانی پیشەیی و هونەری و کارگێڕی لەبری لقە زانستییە مرۆییەکان، هەڵەی گەورەش گردکردنەوەی هەموو دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکانە لە ناو دەزگا و فەرمانگە حکومییەکاندا ..

پەرەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵ بەدامەزراندنی لەشکرێك کارمەند ناکرێت بەڵکو پێویستە لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتیدا ئامێرو تەکنیکی هاوچەرخ زۆربکرێن تا بەهۆیانەوە هەلی کاری بەرهەمهێن بخولقێت و لە هەرێمی کوردستان چینێکی پیشەکاری بۆرژوازی و چینێکی کارگەری پیشەوەری تێدا دروست بکرێت پێکەوە ببنە وزە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و ژیانی دەستووری و کرانەوە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا، ئەم پێکهاتەیە کە دەتوان پەرە بە هۆشیاری بدەن و قەدری کات و کارو بەرهەم و پارەو سامانی گشتی بگرن و دواجاریش زەوینەدەسازێت بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئاستی بژێوی تاك و خێزانەکانیش بەرز دەبنەوە، ئینجا دەشتوانرێت پشت بە سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی ببەسترێت و لەماوەی بێکاری و پیری و پەککەوتەیی مرۆڤدا، هاریکاری خەڵکی بکرێت هەروەها بە چاودێری تەندروستی گشتی هاوڵاتیانەوە بوار بۆ هەموان دەڕەخسێت کە بەهزرو گیانی دروستەوە لە بونیادنانی کۆمەڵگە بەشداری بکرێت، ڕەخساندنی هەلی کار مافێکی ڕەوای هەرکەسێکە تا هاوڵاتیان تووشی گێچەڵی کۆمەڵایەتی و دەروونی وا نەبن کە بەئاسانی لەلایەن گرووپ و هێزە توندڕەوەکانی کەبۆ مەرامی تایبەت و بۆ تێکدانی بارودۆخی ئارامی هەرێم تێدەکۆشن لەخشتە ببرێن

هاوکات پێویستە لەسەر هەردوو سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت وەڵامی داخوازییەکانی جەماوەر بدەنەوە ڕێگەکان لەگەندەڵی کارگێڕی و دارایی بگرن و نەهێڵن کەس دەستدرێژی بکاتە سەر ماڵ و موڵکی گشتی و هاوڵاتیان بەوگرێبەستانەدا بچنەوە کە بۆ پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمەکە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا مۆر کراون و دەکرێن ویشکنین بۆ هەر کەلوپەل و دەرمانێك بکرێت کە دێنە ناو هەرێمەوە..

سێیەمین ئاماژە بە جێبەجێکردنی یاساو بڕگە دەستوورییەکانە بە شێوازێك ماف و ئازادییەکانی هەموو لایەك بپارێزێت بە شێوازێکی یەکسان و سێ دەسەڵاتەکەش لێکجیاکاتەوەو ڕێز بۆ سەربەخۆیی دادوەری دابنرێت و ئایین لە سیاسەت جیابکرێتەوەو بەپێی بەندی دەستووری مافەکانی گەل لە ئازادی بیر و ڕا و مانگرتن و خۆپێشاندان لە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکاندا دابین بکرێن و ماف بە هەمووان بدرێت بە ئازادی ڕەخنە لە سیاسەتەکانی هەرێم بگرن وکار بۆ سەرخستنی داوا گشتی و ڕەواکانی خەڵك بکرێت بە شێوازی ئاشتیانەو دیموکراتی لە هەردوو لاوە و کەلتووری ناتوندوتیژی دەوڵەمەندبکرێت لەکاتی مانگرتن و داخوازی کردنی مافەکانی خەڵکی و ئەرك کاری دامودەزگاکانی ئاسایشی هەرێم پاراستنی سەروماڵ و گیانی هاوڵاتیانە لە دەستی ئەو گرووپە توندڕەوانەی بە ئاسانی لەلایەن وڵاتان و کەسانی تیرۆریستی دەرەوە دەستەمۆکراون بۆ تێکدانی باری ئاسایش و ئارامی هەرێمەکە ئەم پارێزگارییەش بە تۆکمەبوونی گرێبەستی کۆمەڵایەتی نێوان حاکم و مەحکوم دەکرێت چونکە حاکم نوێنەری شەرعی خەڵکەو مەحکومیش خاوەنی دەسەڵاتەکان و سامانی کۆمەڵایەتییە ..

بەشێوەیەك ئاسایش دەبێت بەم ئەرکە هەستێت کە نەبێتە هۆیەك بۆ کۆنترۆڵکردنی ئازادی و مافە بنەڕەتییەکان و کەشوهەوای تۆقاندن دروست نەبێت کە بە هۆی تووڕەبوونی خەڵکەوە ئاکامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوەو دەسکەوتەکان بخاتە ترسناکیی لە ناوچوونەوە..

بوونی بێکاری و بێکاری دەمامکدراوو هەروەها نەبوونی دەرفەتی کارکردن و بەهەدەردانی پارەی زۆر لە پرۆژەی رواڵەتی و هاوردەی ئەو کەلوپەلانەی بێکەڵکن بە پارەی زۆر وپیادەکردنی سیاسەتی جیاوازی کردن لە نێوان توێژو ڕەگەزەکان و لەسەر بناغەی حزبایەتی و ناوچەگەرێتی و تایەفەچێتی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و ناسەربەخۆیی بڕیاری حکومی و دواخستنی مامەڵەی هاوڵاتیان ورۆتینی ناو دامودەزگاخزمەتگوزارییەکان هەڵچوونی جەماوەری لێ دروست دەبێت و ئازادییەکان و ئارامی و ئاسایشی وڵات دەکەوێتە بارێکی نائاسایی ترسناکەوە ..

تێڕوانینی گشتگر بۆ ئەم ئاماژانە بە دروستی کارو پرۆسەی میللی و حکومی تەندروستی لەسەر بینا دەکرێت و متمانەی هاوبەش لەنێوان یەکە حکومی و توێژە کۆمەڵایەتیەکان دەخولقێنێت ..

گەرچی لە ساڵانی پێشوودا زۆر کاروپرۆژەی ئیجابی لە هەرێمدا ئەنجامدراون بەڵام لەو سێ ئاماژەیەی دەستنیشانم کردن شتی سلبیش هەبوون کە هۆکاربوون بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و هاتنە سەرشەقام و خۆپیشاندان کەلەئاکامدا هەندێك توندوتیژی لە لایەن دامودەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لەلایەك و هاوڵاتیان لەلایەکی دیکەوەی لێ کەوتەوەو چەند شەهید و بریندارێکی لێ کەوتەوە لە هەردوو لاوە، شەهید بوونی هەر کەسێك چ لەلایەن خەڵك یان پۆلیسەوە بارودۆخ ئاڵۆزتر دەکات، بۆیە بەکارهێنانی سیاسەتی عەقڵانیەت لەگوێگرتن بۆ داخوازییەکان و کارکردنی جیدی بۆ وەدیهێنانیان، یەکگرتوویی کۆمەڵگەی کوردستانی دەپارێزێت لە بەرانبەر ئەو هەموو دوژمنە سەرسەختانەی لە دژی فیدراڵی بوونی هەرێم خۆیان مەڵاسداوە..

نابێت بە بیرۆکراتی، حکومەت ڕووبەڕووی مانگرتووان ببێتەوە چونکە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، خۆپیشاندانی گەنجان و میللیانەی ئاشتیخواز لە کوردستان بۆ وەدیهێنانی سێ داخوازی ڕەوای خەڵکییە :١ـ بوونی بارێکی ناهەمواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئەمنی کە پێویستە چارەی خێرای بۆ بدۆزرێتەوە چونکە کۆمەڵگە چیتر لێی بێ دەنگ نابێت ..

٢ـ بوونی هێزو کۆمەڵەو گرووپی سوودوەرگر لەو بارودۆخە ناتەندروستەی لە ناو بەرگی دامودەزگا حکومی و حزبیەکاندا تەونیان چنیوە ..

٣ـ ئازادی و دیموکراتی تەنیا نابەسترێتەوە بەو کاتانەی هەڵبژاردن دەکرێت و دواتریش پشتگوێ بخرێن ..

لەو ماوانەی دواییدا ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو هەرێمی تووشی تەنگژەبوون بە هۆی کەڵەکەبوونی گرفتەکانەوە، وەدیهێنانی داخوازییە جەماوەرییەکان پێویستن پ بە جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراتی لە پارێزگاکان یان لەسەر ئاستی گشتی هەرێم و گۆڕینی حکومەت کە دەکرێت لە ڕێگەی دیالۆگ و تێگەیشتن و دانوستاندن و لە نێوان نوێنەرانی مانگرتووان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەنجام بدرێت وەك تەنیا ڕێگەی دروست بۆ وەدیهاتنی یەکبوونی نیشتمانی چارەکردنی گرفتەکان بە هۆشیارییەوە .

# کەرکوک لەنێوان خۆ ڕێکخستنەوەی ئیداریی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دا

چارەسەرکردنی کێشـــەی کەرکوک کلیلی چارەسەری هەموو کێشـــەکانی عێراقە و پشتگوێ خستنیشی سەرلەنوێ بۆ هەموو عێراق دەبێتە کێشە و چارەنووسی عێراق دەخاتە دوڕیانێکی نادیارەوە، هەر بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەکەوە کەرکوک وەک کێشەیەکی ناوخۆیی کوردستانی سەیر بکرێت، ئەوا لەلایەکی دیکەوە ڕەهەندی زیاتر و تەواوی چارەسەری کێشەکانی عێراق و ئاسایشی ئایندەی عێراق بەخۆیەوە گرێدەداتەوە، ئاسایش و سەقامگیری عێراقیش ڕەهەندیی ئیقلیمـــی و نێودەوڵەتی خۆی هەیـــە و کاریگەرییەکانی بەخۆیـــەوە گرێدەداتەوە، هەربۆیە قســـەکردن لەسەر کەرکوک و چارەنووســـی کەرکوک ڕەهەندی دوورمەودای هەیە و ناکرێت چ لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتیش ئەم کێشەیە پشت گوێ بخرێت.



## محەمەدکەمال ئەندامی لیستی برایەتی کەرکوک بۆ گوڵان:

# قسەکانی حەسەن تۆران هەر ئێمەی تورە نەکرد بەڵکو عەرەب و ئاشوورییەکانیش قبوڵیان نەبوو




سەرەتا محەمەد کەمال ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك سەبارەت بەم مەسەلەیە لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بە گوڵانی راگەیاند و وتی: (بۆ پێکەوەژیان و ئاشتی و دیموکراتی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکوك پێویستە هەموو پێکهاتەکانی شارەکە بە کوردو تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشوور، بەیەکەوە دەست لە ناو دەست هەوڵبدەین و کار بکەین بۆ خزمەتکردن و پاراستنی گیانی یەکتر و هاووڵاتیان و شارەکە، بۆ ئەوەی هەر هەموومان لە خۆشی و ناخۆشی یەکتر بەشدار بین، بۆ هاتنەدی ئەمانەش راوبۆچونی شەقامی کەرکوك و هەموو پێکهاتە و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك ئەوە بوو کە دەبێ هەموو پێکهاتەکانی شاری کەرکوك لە پۆستە سیادیەکان و ئیداریەکانی شارەکە بەشداربن، واتە ئەگەر ئێستا پیکهاتەیەك لە پۆستە سیادیەکان نەبێت، دەبێ لەو گۆڕانکاریە بێتە پێشەوە و بەشدار بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی بڕیاردان و ئاوەدانکردنەوە و ئیدارەی شارەکە بەفیعلی هەموو پێکهاتەکان بەیەکەوە کاری لەسەر بکەن و لە هێمنی و سەقامگیری ئاسایشی کەرکوك بەشداربن و تاوەکو زیاتر هەنگاو بەرەو سەرکەوتن باوین و پێکەوەژیانێکی واقیعانە بێتەدی، ئێمە وەکو کورد هەر لە مێژوە لەم شارە باوەڕمان بەوەبووە کە تەنیا بە پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی ئاشتی و تەبایی و ئازادی و خۆشگوزەرانی دێتەدی، دەسەڵاتی سیاسی کوردیش هەموو کاتێك تەئکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کەرکوك شاری پێکەوەژیانی پێکهاتە نەتەوەکانیەتی و دەبێ بە تەبایی و ئاشتی بژین و ئەمەشی وەکو بیردۆزێکی زانستی نەگۆڕ تەماشای کردووە. سەبارەت بەچۆنیەتی پیادەکردنی ئەم پرانسیپانەش لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك کۆبوینەوە بەمەبەستی گۆڕانکاریەکان وەکو قۆناغی یەکەم پۆستە سیادیەکانی وەکو پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا دیاری بکەین، پێکهاتەی برایانی تورکمان کە دوو نوێنەر( ڕەعد محەمەد و حەسەن تۆڕهان) لەکۆبوونەوەکە بەشدار بوون دیاربوو ئەو دوو کەسە لە نێوان خۆیان ساردییەك هەبوو لە دەرەوەش ڕێك نەکەوتبوون، بۆیە لە کاتێك بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا دەست نیشانکرا ڕەعد محەمەد دڵگران بوو، لەو کاتەدا هاتە وەڵام و قسەی زبر و ڕەقی کرد وتی:(ئەگەر ببم بە سەرۆك کۆماریش هەر خزمەتی تورکمان دەکەم) ئەم وتەیەش دڵگرانی خستە ناو دڵی هەموو ئەندامانی کۆبوونەوەکە و کەس ئەمەی قبوڵ نەبوو، ئەم وتەیە نەك تەنیا لەلای من یان لای کورد و عەرەب و ئاشووری قبوڵ نییە، بەڵکو لەلایەن پێکهاتە و ئەندامانی تری تورکمانیش قبوڵ نەکرا، بێگومان ئەگەر من وەکو کورد قسەی زبر و ناخۆش بکەم کە سوودی بۆ پێکەوەژیان نەبێت ئەوە بە تەئکید شەقام و کوردی ڕەحیماوەش قبوڵیان نییە، چونکە واقیعی شارەکە دیارە کە پێکهاتەی جیاجیایە و دەبێ یەکتر قبوڵ بکەین، هەموو بەیەکەوە بۆ پێکەوەژیان و ئاسوودەی هاووڵاتیان و نەوەکانمان لەسەر بنەمای تەبایی و ئاشتی و دیموکراتی بەیەکەوە کار بکەین. هەروەها ڕۆژی دواتر دووبارە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی لەسەر پۆستەکان دەنگ بدەین، بەڵام لەبەر ئەو ڕووداوەی ڕۆژی پێشتر کە کاریگەری لەسەر برا عەرەبەکانیش دروست کردبوو و دڵگرانبوون، هەندێ لە ئەندامانیش سەفەریان کردبوو و ئامادەنەبوون، بۆیە نەتوانرا ڕێژەی دەنگدانی تەواو دیار بکرێت و کۆبوونەوەکە دواخرا، بە ئومێدین لە ڕۆژانی دادێت کۆببینەوە و گۆڕانکاریەکان ئەنجام بدەین، بە تەئکید دەبێ ئەو گۆڕانکاریانە بکرێت، لەبەرئەوەی خزمەتکردنی شاری کەرکوك بە هەموومانەوە دەکرێت و جوانە.))

## رائید فەهمی سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ گوڵان:

# ماددەی ١٤٠ بەدیلی نییە و جێبەجێکردنی لەبەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکانی کەرکوکدایە

بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەرێگەی یاسایی و دەستووری، بەرێز رائید فەهمی سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە ئاخاوتنێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی چۆنیەتی کاری ئەو لیژنەیەی کرد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ وتی : (هەر لەسەر هەمان ئەو رێو شوێنانە دەڕۆین کەچەندین ساڵە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ پەیڕەویان دەکەین. بەردەوامین لەئەنجامدانی قۆناغی ئاسایکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی راگواستراوەکان و گەڕاوەکان.

ئێستاش قەرەبووی کەسە شایستەکان دەکەین بەپێی تەرخانکردنەکانی بەردەستمان. وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران ١٧٢ ملیار دیناری عێراقییان بۆمان تەرخانکردووە بۆ ئەمساڵ. پێموایە ئەم بڕە پارەیە ١٢ هەزار موعامەلە روماڵ دەکات، قەرەبووکردنەوەکانیش بەپێی ئەم بڕە پارەیە دەبێت. لەلایەکی ترەوە بڕیارماندا بە قەرەبووکردنەوەی خاوەن گرێبەستە کشتوکاڵییەکان کە بەپێی ماددەی ١٤٠دا گرێبەستەکانیان هەڵوەشێندرایەوە، هەروەها ئێستاش لە کارکردنین بۆ دەستپێکردن بە میکانیزمەکانی پێدانی ئەم قەرەبووکردنەوانە. لەهەمان کاتیشدا بەردەوامین لە وەرگرتنی مامەڵە و داواکارییەکان لە ناوەڕاست و باشوور لەپێناو پێدانی قەرەبووکردنەوەکان بۆ ئەوانەی کە مەرجەکان دەیانگرێتەوە. بەڵام سەبارەت بە مەسەلە و لایەن و قۆناغەکانی تر، ئەوە دواکەوتن هەیە ئەویش بە پشت بەستن بە چەند هەنگاوێك کە پێویستە ئەنجامبدرێت لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی، لەبەرئەوەی ئەم مەسەلانە پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لە بڕیار و یاساکان. بەڵام سەبارەت بە رێکخستنی ئامار و ریفراندۆم،



ئەوە پێویستە بڕیار دەرچێت لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی سنووری ئیداری. لەبەرئەوەی حوکم بەمیکانیزمەکانی دەستوور و ماددەی ٥٨ لە یاسای خولی گواستنەوەدا بەخشرابوو بەسەرۆکایەتی کۆمار.))

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ماوەیەدا بارودۆخی کەرکوك هەندێك ئاڵۆزی بەخۆیەوە بینیوە و داوای بەدیلێك بۆ مادەی ١٤٠ دەکرێت، بۆیە پرسیارمان لە بەرێز رائید فەهمی کرد ئایا تاچەند ئەو ئاڵۆزیانە کاریگەرییان لەسەر رەوتی جێبەجێکردنی کارەکانی ئەوان هەبووە؟ لەمبارەوە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی : (لەڕاستیدا من ناو لەم بارودۆخە نانێم بە «خراپبوون». لەلایەنێکی ترەوە، تاکو ئەمڕۆش هیچ لایەنێك هیچ چارەسەرێکی پێشکەش نەکردووە کە باشتر بێت لە ماددەی ١٤٠. با هەرلایەنێك بێت و پێشنیاری خۆی پێشکەش بکات کە ئەلتەرناتیڤ بێت بۆ ماددەی ١٤٠. من پێموایە کە تاکو ئەمڕۆش هیچ پێشنیارێك پێشکەش نەکراوە، وەکو نەخشەیەکی رێگە بێت و وەکو چارەسەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، جگە لەوەی کە لە ماددەی ١٤٠دا هەیە. بەڵام ئەو شتانەی تر کە دەوترێت تەنیا بریتیە لە داواکاریی جیاواز و ئاڕاستەی جیاواز، لەکاتێکدا ئەو شتە بابەتییانەی کە ئەمڕۆ هەیە تەنیا ماددەی ١٤٠ە. لەلایەنێکەوە، ماددەی ١٤٠ لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوك-ە. لەلایەنێکی ترەوە، ئەگەر هەر لایەنێك ترس و نیگەرانیی هەیە لەبارەی چارەنووسی کەرکوك و ئەگەرەکانی بەستنەوەی لەگەڵ هەرێم یان حکومەتی ئیتیحادی یانیش سەربەخۆیی، ئەوە بڕیاردان لەم بارەیەوە لە دەستی هاوڵاتیانی کەرکوك-ە. ماددەی ١٤٠ پێشوەختە بڕیارێکی نەداوە، بەڵکو ماددەی ١٤٠ دەڵێت هاووڵاتیانی کەرکوك بڕیاردەرن لەسەر چارەنووسی کەرکوك. کێشەی راستەقینەی ئەمڕۆی کەرکوك ئەوەیە کە پێویستە سنوورەکانی کەرکوك دەستنیشان بکرێت، ئایا سنووری کەرکوك ئەو سنوورەیە کە ئەمڕۆ هەیە؟ یان ئەو سنوورەیە کە پێشتر هەبوو لە سەردەمی رژێمی پێشوو لە زیادکردن و بڕینی پارچەکان؟ ئایا وەکو خۆی بهێڵینەوە یان بیگەڕێنینەوە وەکو جاران؟ بەڕای من ئەمە کرۆکی مەسەلەکەیە و لایەنێکی سەرەکییە لە کێشەی کەرکوك و پێموایە کە پێویستە سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی نوێنەران ئەم مەسەلەیە یەکلابکەنەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە، ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە بۆ بڕیاردان لەو بارەیەی کە لە کام سنوورەوە دەست بە پڕۆسەی ریفراندۆم بکەین. تەنانەت لە رێکخستنی ئامار-یش. ماددەی ١٤٠ دەڵێت پێویستە ریفراندۆم لە ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان ئەنجام بدرێت، لەکاتێکدا ناوی هیچ پارێزگایەکی نەهێناوە. پێویستە لیژنەیەك دەستنیشان بکرێت و

دەسەڵاتی پێ بدرێت بۆ پێناسەکردنی ناوچەکان، تاکو ئێستا نازانین ئەو ناوچانە چین، ئایا شارن یان ناحیە یان ناوچەیەکی جوگرافیە، ناوچەکان پێویستیان بەپێناسە و دەستنیشانکردن هەیە. لەهەمان کاتیشدا، ئایا ئەو لایەنە کێن کە ناوچەکان دەستنیشان دەکەن؟ تاکو ئەمڕۆش، لێژنەکەمان بەهیچ شێوەیەك تەکلیف نەکراوە بۆ ئەم مەبەستە. ئەگەر بێت و ئەم مەسەلەیە بە لێژنەکەمان بسپێرن، ئەوە ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە و هەڵدەستین بەئەنجامدانی ئەرکەکانمان و پێشکەشکردنی هەڵسەنگاندن و راسپاردەکانمان. بەڵام ئەم مەسەلەیە لەڕووی دەستوورییەوە لەدەستی ئەنجومەنی سەرۆکایەتییە و وابزانم ئەمڕۆ گواستراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار. ئەگەر سەرۆکایەتی کۆمار بیەوێ، ئەوە دەتوانێت داوا لە لێژنەی ماددەی ١٤٠ بکات بۆ پێشکەشکردنی خەمڵاندن و هەڵسەنگاندنەکان و پێشنیارەکانی بکات. هەربۆیە لەهەموو حاڵەتەکاندا، تەنانەت لە ریفراندۆم-یش، پێویستە رێگەچارەکان لەلایەن هەموو پێکهاتەکانەوە پەسەندبێت، لایەنی کەمەوە لای زۆرینە پەسەند بێت. بەڵام مەسەلەکە تەنیا پەیوەست بە ژمارە نییە، بۆ نموونە لەوانەیە یەکێك لەلایەنەکان رێژەی ٥٠ یان ٥٥ یان ٪٦٠ بەدەست بێنێت، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە رێگەچارەکە لەلایەن هەموو پێکهاتەکانەوە پەسەندبێت بەشێوەیەك کە هەموویان بتوانن بە ئارامی و سەقامگیری و ئاشتییانە لە شارەکەدا ژیان بەسەربەرن. هەربۆیە، ئەگەر هات و ریفراندۆم ئەنجامدرا و بەرێژەی ٪٦٠ دەنگیان لەسەردرا، ئەی سەبارەت بەو ٪٤٠کەی تر؟ لایەنی کەمەوە پێویستە زۆربەی هەرەزۆرینەی ئەو ٪٤٠ ئەنجامەکان پەسەندبکەن. ئەویش بەو ئیعتبارەی کە ئەمە شتێکی دیموکراسییە. بەڵام ئەگەر بێت و ئەو رێژەی ٪٤٠ رازی نەبن بە ئەنجامەکان، ئەوکات رەخنە دەگرن و شێوازی نادیموکراسییانە دەگرنەبەر. بەواتایەکی تر، بارەکە بەرەو ئاراستەی قەیرانێکی نوێ دەڕوات و ئەم قەیرانەش، تەنانەت گەر کەرکوك بڕواتە سەر هەرێم یان بۆ سەر حکومەتی ئیتیحادی، دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی قەیرانی تر، کەواتە کێشەکەمان چارەسەرنەکرد. ماددەی ١٤٠ میکانیزمێکی دیموکراسییە و پێویستە لەسەر هەموو هاووڵاتیانی کەرکوك ئەنجامەکانی ریفراندۆم پەسەندبکەن و پێی رازیبن. ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە تەوافوقی سیاسی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و نەهێشتنی نامتمانەیی لەنێوان لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوك، بەڵام بەداخەوە تاکو ئەمڕۆ ئەم کێشەیە هەر هەیە و هێشتا چارەسەر نەکراوە. لەلایەنێکی ترەوە، پێویستیمان بە هێورکردنەوەی بارەکە هەیە لەگەڵ دڵنیاکردنی هاووڵاتیان و نەهێشتنی ئەو ترس و نیگەرانییەی کە بوونی هەیە. لەڕاستیدا ماددەی ١٤٠ هیچ هەڕەشەیەکی نییە و بەهیچ شێوەیەك مایەی مەترسی نییە، لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا دەنگی زۆرینە بڕیاردەدات، ئیتر چ پێویست بەترس دەکات؟ هەڵبەتە ئەم هەموو پرۆسانە پێویستییان بە کار و ئەرکی سیاسی هەیە لەگەڵ ئەرکی پەرەپێدان لەپێناو باشترکردنی گوزەرانیی هاووڵاتیانی کەرکوك، لەبەرئەوەی سستی لە باری گوزەرانی هاووڵاتیان فاکتەرێکە لە پشت ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکان. خاڵێکی تر، دروستکردنی پردی متمانەیی لەنێوان پێکهاتەکانە، هەڵبەتە ئەم شتەش پەیوەستە بەوەدیهێنانی هاوبەشی و بەشداری هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کەرکوك.

**ئەگەر هەر لایەنێك ترس و نیگەرانیی هەیە لەبارەی چارەنووسی کەرکوك و ئەگەرەکانی بەستنەوەی لەگەڵ هەرێم یان حکومەتی ئیتیحادی یانیش سەربەخۆیی، ئەوە بڕیاردان لەم بارەیەوە لە دەستی هاووڵاتیانی کەرکوك-ە**

بەڕای من میکانیزمەکانی ماددەی ١٤٠ لە «تەتبیع» و قەرەبووکردنەوە یاریدەدەرن بۆ رەخساندنی ئەم جۆرە کەشوهەوایە. ئێمە قەرەبووی هەموو غەدرلێکراوەکان دەکەین، تەنانەت راگواستراوەکان بن، یان گەڕاوەکان، ئێمە قەرەبوویان دەکەینەوە بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی رەوایە و لەهەموو ئیجراتێکدا لایەنێك لێی سوودمەند و شتێکی دەستدەکەوێت. ئەگەر بێت و لەم روانگەیەوە سەیری کێشەکان بکەین، لەهەمان کاتیشدا پابەندبوون هەبێت بە وتاری هێوربوونەوە دوور لە وتاری وروژێنەر و هاندەر و وتارەکان ئاراستەبکرێن بەشێوەیەکی راستگۆ و مەبەستدار، ئەوکات من پێموایە کە دەتوانین گەمارۆی کێشەکان بدەین و زەمینەیەك دەڕەخسێت بۆ چارەسەرکردنیان، تەنانەت گەر بۆ ئەمڕۆش نەبێت، دەتوانین جارێ کێشە هەنووکەییەکان چارەسەربکەین و کێشە ئاڵۆزترەکان دوابخەین و ژینگەیەکی گونجاوی بۆ فەراهەم بکەین لەپێناو چارەسەرکردنیان.

## گۆڕانکارییەکان و رێکخستنەوە ئیدارییەکانی کەرکوك

هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڵۆزییەی لەماوەی رابردوو لە کەرکوك بوونی هەبوو، بەڵام هەندێك گۆڕانکاری لەهەیکەلی پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێردا روویانداوە، لەوانە دەست لەکارکێشانەوەی عەبدولرەحمان مستەفا پاریزگاری کەرکوك و هەروەها دەست لەکارکێشانەوەی رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە، کە لەڕۆژی دانانی حەسەن تۆران بە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك، لیستی برایەتی کەرکوك لەسەر قسەیەکی حەسەن تۆران هەڵوێستی وەرگرت و کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت و نەدەتوانرا وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك دەست بەکاربێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك لەم راپۆرتە بەشداریان کردووین.

## تەحسین کەهیە لە لیستی بەرەی تورکمانی لە کەرکوک بۆ گوڵان:


# لێدوانەکەی حەسەن تۆڕان بووە هۆی تووڕە بوونی لیستی برایەتی و قەیرانێکی تازەی دروستکرد و دەبێت چارەسەر بکرێت

سەبارەت بەو قەیرانەی کە بەهۆی لێدوانەکەی حەسەن تۆران کاندیدی تورکمانەکان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك تەحسین محەمەد عەلی کەهیە ئەندامی حزبی ئیتحـادی ئیسـلامی لەناو بـەرەی تورکمانی لـە لێدوانێکـی تایبەتیدا بۆ گـوڵان بەمجۆرە باسـی کرد و وتی : (ئەوەی کـە روویدا ئەوە بوو کە لـە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکـوك-دا پارێزگار و سـەرۆکی ئەنجومەنی پارێـزگای کەرکوك دەسـت لەکارکێشـانەوەی خۆیان پێشکەشـکرد و دەستلەکارکێشانەوەکەیان بە دەنگدان و بە کۆدەنگی پەسـەندکرا. هەروەها هەستاین بەگفتوگۆ لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن، بەپێـی رێککەوتنـەکان وابڕیاربوو پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەن بە تورکمان بدرێت، بەڵام چەند لێدوانێك هاتەئـاراوە و بووە مایەی ئاڵۆزکردنـی بارەکە لەناو ئەنجومەن و لەئاکامدا لیسـتی برا کـوردەکان خۆی لە دانیشـتنەکە کێشـایەوەو لـە ئەنجوومەنەکـە دەرچـوون و لەکۆتاییشدا بڕیارماندا بۆ دواخستنی مەسەلەی هەڵبژاردنـی پارێزگار و سـەرۆکی ئەنجومەن بـۆ رۆژانی داهاتوو.راشـکاوانە هۆکارەکە ئەوە بوو کە کاندیدەکە بۆ پۆسـتی سـەرۆکایەتیی ئەنجوومەن هەسـتا بەئەنجامدانـی لێدوانێك، ئەو لێدوانـەش مایەی سـەرهەڵدانی نارەزایی برایانمـان بوو لە لیسـتی «تەئاخـی» و بووە هۆی سـەرهەڵدانی قەیرانێکی نوێ. هەربۆیە، پێویسـتە رێگەچارەیەك بدۆزینەوە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە و چارەسـەرکردنی.لەبەر ئەوەی ئەم مەسـەلەیە کێشـەی نوێی هێنائاراوە و لێدوانی فەرمی سەریهەڵداوە لەلایەن لیستەکان لەماوەی ٢ رۆژی رابردوودا. ئێمەیش بەش بەحاڵی خۆمان داواکارین بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش، پێویسـتە بارودۆخەکە چارەسـەر بکە یـن لە ڕێگـە ی



هاوبەشـیکردنی هەموو پێکهاتـە جیاوازەکانی کەرکـوك. بەبێ کۆدەنگی و رەزامەندیی هەموو لایەنەکان هەرگیز ناتوانرێت کێشـەکان چارەسەر بکرێن. ئەمڕۆش کۆبووینەوە لەپێناو هەڵبژاردنی پارێزگار و پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییە ئیدارییە، ئێمەیش داوامان کرد پەلە لەم مەسەلەیە نەکرێت لەبەرئـەوەی ناکرێـت بەبـێ ئامادەبوونی برا تورکمان و عەرەبـەکان ئەم جۆرە بڕیارانە بدرێت و هاوکات پارێزگاری هەڵبژێردراویش لەتوانایدا نابێـت کارەکانی بە رێك و پێکـی بەڕێوەبدات. هەربۆیـە ئێمە ئێسـتا لە هەوڵدانیـن بۆئەوەی لەچەند رۆژی داهاتوودا بگەین بە چارەسـەرێك و کێشـەی ئیدارە لە کەرکوك چارەسەربکەین و هەموو لایەنەکان هاوبەش بکەین لە دروستکردنی بڕیـارەکان بۆئەوەی ئیـدارەی کەرکوك بتوانێت باشـترین خزمەتگوزارییەکانی بە هاووڵاتیانی پارێزگا پێشکەش بکات))

سـەبارەت بـە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشـەیە و دەسنیشانکردنی کاندیدی لیستی برایەتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکـوك، تەحسـن کەهیە وتی : ((پۆسـتی پارێـزگار بـەلای هەموو لایەنێك ئاشـکرایە، «د.نەجمەدین» کاندیدە بۆ پۆسـتی پارێزگار. لیسـتی «تەئاخی»ش لە ئەنجومەنی پارێزگا رێککەوتنی لەسـەری هەیە. هەڵوێسـتی ئێمە بریتیە لـە ئەنجامدانی هـەر گۆڕانکاریەکی پێویسـت بە بەشـداربوونی هەمـوو ئەندامانی ئەنجومەن. ئەگەر ئەنجومەنـی پارێزگا بەهێز بێت ئەوکات پارێـزگاری هەڵبژێردراو دەتوانێت بەشـێوەیەکی کارا بەرپرسیارەتییەکانی جێبەجێ بکات. پێویسـتە ئەنجومەنی پارێزگا پشتگیری و پاڵپشتیی خۆی بەپارێزگار ببەخشێت و بەلای هەموو پێکهاتەکانەوە پەسـەند بێـت، هەروەها پێویسـتە هەموو ئەندامانـی ئەنجومەن دەنگی پێبـدەن، لایەنی کەمەوە زۆرینـەی دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجومەن وەدەستبێنێت. بەڵام لەپێشدا پێویسـتە ئەم کێشـەیە چارەسـەربکرێت و ئەم قەیرانە لە کەرکـوك ئیحتیوابکرێت. لەبەرئەوەی چارەسەرنەکردنی ئەم قەیرانە بەواتای سەرهەڵدانی گرژیی ئەمنی و سیاسـی. ئێمە پشتگیری لە چارەسەر دەکەین. لەچەند رۆژی داهاتوودا هەموو هەوڵێك دەخەینەگەڕ و ئەوەی لەتوانامانادا هەبێت دەیکەین لەپێناو دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ ئەم قەیرانە، ئەمڕۆش قەیرانەکانی هاووڵاتیان یەکجار زۆرە، هەربۆیە لایەنی کەمەوە پێویسـتە جارێ هەوڵبدەین بۆ چارەسـەرکردنی قەیرانی ئیداری بۆئەوەی کەمترین شت بتوانین لەڕێگەی ئیدارە- وە خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان پێشـکەش بکەیـن، لەکاتێکدا ناکۆکی و کێشـە و بەرنامە سیاسـییەکان دەهێڵینـەوە بۆ ئایندە بۆئەوەی سـەرکردە سیاسـییەکان بەخۆیان چارەسەری بکەن.



## محەمەد خەلیل لە لیستی عەرەبی لەكەركوك بۆ گوڵان:

# لێدوانەكەی حەسەن تۆڕان لیستی برایەتی وروژاند و وەڵامیان دایەوە



محەمەد خەلیل كە یەكێكە لە ئەندامە عەرەبەكانی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركوك، لەم پرسەدا بەوشێوەیە وەسفی هەڵوێستی عەرەبەكانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكی كرد كە ئەوان هەڵوێستیان بێلایەن بووە و ئامادەبوون دەنگ بەكاندیدی لیستی برایەتی بۆ پۆستی پارێزگار و دەنگیش بە كاندیدی توركمانەكان بدەن بۆ پۆستی سەرۆكی ئەنجوومەن، لەبەر ئەوەی هەر سێ پۆستە پارێزگار و سەرۆكی ئەنجوومەن و جێگری پارێزگاری كەركوك بەوجۆرە دابەشكراون كە هەر سێ پێكهاتەكە هەریەكەیان یەكێك لەو پۆستانەیان پێبدرێت، سەبارەت بەو ئاڵۆزییەی لەسەر قسەكانی حەسەن تۆران هاتۆتە ئاراوە محەمەد خەلیل لە لێدوانێكدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (پاش ئەوەی بەڕێز «حەسەن تۆران»ی كاندیدكراو بۆ پۆستی سەرۆكی ئەنجومەن هەستا بە پێشكەشكردنی وتەیەك لەبارەی كۆڵنەدانی لەخزمەتكردنی پرسی توركمانەكان، برا كوردەكانی وروژاند و لیستی «تەئاخی» وەڵامی دایەوە كاتێك كە بەڕێز «محەمەد كەمال» وتی ئێمە لەسەر ئەم قسەیە رازی نین و پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئیستیحقاقی هەڵبژاردن و كورد شایستەیە بۆئەوەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن وەربگرێت، ئەم قسانەش هەموویان بوونە مایەی قسەی زیاتر و مشتومڕی لەنێو پێكهاتەكان و ئەو هەستەیان لادروست بوو كە متمانەیی لە كەشوهەواكەدا بوونی نییە، هەربۆیەش ئەمڕۆ عەرەب و توركمانەكان ئامادەبوونیان نەبوو. ئێمە خوازیاربووین مەسەلەكە بە نەرمونیانی بەڕێوەبچێت، ئێمە ئامادەبووین دەنگ بدەین بۆ پارێزگارێكی كورد و هەروەها ئامادەبووین دەنگ بدەین بە توركمانێك بۆ سەرۆكایەتیی ئەنجومەن، ئێمە لەم بارەیەوە جۆرە بێلایەنیەكمان نواند. ئێمە خوازیاربووین مەسەلەكە بە نەرمونیانی كۆتایی بێت، بەڵام بەداخەوە بینیمان هەردووك لەلایەنەكان پێشوەختە رێك نەكەوتبوون و بۆیەش دانیشتنەكە بەوشێوەیە كۆتایی هات. بەڕای من پێویستە رێككەوتنێك بێتەكایەوە لەبارەی دەستنیشانكردنی پارێزگار و سەرۆكی ئەنجوومەن لە یەك رۆژدا لەپێناو نەهێشتنی ئەو نامتمانەییەی كە لەنێوان پێكهاتەكانی پارێزگای كەركوك-دا بوونی هەیە. بۆ نموونە دوێنێ كە خەریك بوو بگەینە رێككەوتنێك لەسەر دەستنیشانكردنی سەرۆكی ئەنجوومەن بۆ هەڵبژاردنی پارێزگا، لەناكاو بەربەست هاتەكایەوە و مشتومڕی و ناكۆكی لەنێوان لایەنەكان دەستی پێكرد و لەئاكامدا نەمانتوانی بگەینە ئەنجامێك و شكستمان بەدەست هێنا لەهەڵبژاردنی سەرۆكی ئەنجومەن یان پارێزگار. ئەمڕۆش بەهەمان شێوە، هەستاین بەكارەكانمان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگار، بەڵام ئاستەكانی نامتمانەیی لەنێو پێكهاتەكان لە دوێنێ زیاتر بوو و بارەكە لە دوێنێ زیاتر ئاڵۆزیی تێكەوت. هەربۆیە، پێویستیمان بە كات هەیە لەگەڵ رێككەوتن لەنێوان هەموو لایەنەكان و پێشوەختە «صفقە»یەك ئەنجامبدرێت بۆ دەستنیشانكردنی سەرۆكی ئەنجومەن و پارێزگار و بە كۆدەنگی ئەم مەبەستە وەدی بێنین بۆئەوەی كێشە نەكەوێتە نێوان لایەنەكان و لەپێش خەڵك و میدیاكان بەو شێوەیە دەرنەكەوین كە لەنێوخۆماندا ناكۆكین.

**ئێمە خوازیاربووین مەسەلەكە بە نەرمونیانی كۆتایی بێت. بەڵام بەداخەوە بینیمان هەردووك لەلایەنەكان پێشوەختە رێك نەكەوتبوون و بۆیەش دانیشتنەكە بەوشێوەیە كۆتایی هات**



# لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانت کاکە جەوهەر

حەزم دەکرد چاوەکانم بەدرۆ بخەمەوە؛ کاتێك بۆ یەکەمجار لەسەر شاشەی سەتەلایەتی کوردستان چاوم هەواڵی جەرگبڕی کۆچی دوایی تێکۆشەری گـەورە و بـرای ئازیزم جەوهەر نامیق سـالمی خوێندەوە، بەڵام موچڕکە بە گشت گیانمدا هات و خەریك بوو خوێن لەناو دەمارەکانم بمەیێ کاتێك هەواڵەکە چەندین جار دووبارە بۆوە و ئەو کاتە خەم دایگرتم و زانیم پیرۆزباییەکەم کە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز بۆیم ناردبوو درەنگ بوو.

یەکەمجار کە ئەم تێکۆشەرو پێشمەرگە ئازایەم ناسی بەناوی نهێنی (سەلیم) بەیاوەریی تێکۆشەر کەریم سـەنجاری بەناوی نهێنی ( حەسـەن) لە ناوەڕاستی ئاداری ساڵی ١٩٧٦ بوو لەسەر لوتکەی یەکێك لە چیاکانی کوردستان و لەکەشوهەوایەکی سـەختدا، بەفر چیا و دۆڵەکانی داپۆشـی بوو، یەکەم دیدارمان لە خانوویەکی سادە بوو لە ماڵی دەوارنشـینێك بە یەکەوە بووین لەگەڵ ژمارەیەك مەڕ و بزن کە زۆر جار لە ڕێڕەوی گفتوگۆکانیان دوور دەخستینەوە و حەسانەوەیان بۆ نەدەهێشتین و زۆرجار لە خەویشیان بێبەش دەکردین.

گفتوگۆکانمان بە پلەی یەك دەربارەی کاریگەری و ڕەنگدانەوەکانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و ئاسۆکانی دواڕۆژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بەشـێوەیەکی گشت و گۆڕەپانی، نایشارمەوە کە زۆر جـار گفتوگۆو شـیکردنەوەکانمان دەربارەی هەندێك خاڵ و تەوەر یەکلاکەرەوە و دەنگی بەرز بوو، بەڵام بە گفتوگۆی جددی کە لە بەرپرسیاریەتی نەتەوەییەوە هەڵقولا بێت، هەروەها لە نیوەی ڕێگا و دوور لە هەر وردەکارییەکی دیکە، ئێسـتا دوای ئەوەی کە بەرێزیان جێیهێشـتووین، من ئەو چوار ڕۆژ و شـەوەی کە بە یەکەوە بەسـەرمان برد بە خۆشـترین و جوانترین برگەکانی مێژووی ژیانی خۆمی دەزانم .

خوالێخۆشـبووم وەك تێکۆشـەرێکی بەهێز و کۆڵنـەدەر ناسـیوە بە جلوبـەرگ و پایە و ئەو بارودۆخانەی کە بەدرێژایی قۆناغەکانی شۆڕشی گوڵان هەبوون، چونکە پیاوی ئەرکە قورسەکان بوو لە ژیانی خەباتی چەکداری و خاوەن هەڵوێسـتی مەبدەئی و جەریئانە بوو لە خەباتی سیاسی خۆیدا وەك یەکەم سەرۆکی پەرلەمان دوای ڕاپەرین.

لەگەڵ خوالێخۆشبوو چەندین نامەمان گۆڕییەوە بەنـاوی نهێنی خـۆم (وەلید) وەك سـکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە سـوریا (پارتی) و لە قامیشلۆ و دیمەشق دیدارەکانمان دووبارە بۆوە و لە پێشەنگی ئەو کەسانە بوو کە لە هەولێر پێشوازییان لێکردم لە سەرەتاکانی مانگی تەمموزی ٢٠٠١ و پەیوەندی برایەتی و خێزانی و خەباتی هاوبەشمان کە پەیوەسـت بوو لە ئێستای باشووری کوردستان و دواڕۆژ و ئاسـۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردسـتان لە بەشـەکانی دیکەی کوردستان و میکانیزمی مامەڵە کردن لەگەڵ لایەنەکانی.

بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشـەیی نەنووسرێتەوە و بۆ ئەوەی ( ئەوەی بۆ قەیسـەرە بۆ قەیسەر و ئـەوەی بۆ خوایە بۆ خوا) بێت و بە هەموو پێوەرە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێك لە سەرکردە گەورەکان و لەگەڵ ئەمانەش جەماوەری کوردسـتان تێکۆشـەرێکی خۆی لە دەسـت دا کە چەندین سـاڵی تەمەنی خۆی بۆ خزمەت کردنی کوردو کوردستان تەرخان کردبوو و لەسەر ئاسـتی کەسیش برا و دۆست و هاوڕێیەکی تێکۆشـەرم لە دەستدا کە شەرەفمەندم چاوم پێیکەوتووە و چەندین ساڵ بەیەکەوە کارمان کردووە و بەشدارییەکی بچووکیشم هەبووە لەگەڵ هاوڕێکانـم لە پارتی دیموکراتی کوردی سـوریا لەسـەر درێژە پێدان و بەردەوامیدان بە شۆڕشـی گوڵانی ئازادیخواز.

نەمری بۆ شـەهیدی کورد و کوردسـتان کاك سەلیم

سـەبر و سـەلوان بۆ هاوڕێ تێکۆشەرەکانی و پێشمەرگە قارەمانەکان کەبەشدارییان لە شەڕەکاندا کرد لەگەڵی

پرسە و سەرەخۆشـی گەرممان بۆ خانەوادەی سەربەرزی و برا و کەسوکاری

***سکرتێری پێشووتری پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (پارتی)**
**٢٠١١-٣-٢٤**



مستەفا ئیبراهیم *

# کوردستان:لەنێوان کەلتووری هیوا و هەڵپەی چاوچنۆکی



د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی

ڕەنگە مێژووی کۆمەڵگەیەکی کشـــتیاری دەگمەن و دێرینــەی وەك کوردســـتان بەدرێژایـــی چاخەکان خەســـڵەتێکی وای هەبووبێــت کە بـــەردەوام تینووی ئازادی بوو بێت، ئـــەم کۆمەڵگەیە بەدرێژایی هەزاران ســـاڵ و بەخوازیاری خۆیەوە لەچارەنووسیدا نووسراوە کەلە ناوەندو ئامێزی سروشـــتی خاکیدا بخولقێت، بۆیە پەروەردەی خۆڕسکیەتی ویژدانێکی بێگەردو بێخەوشە، بەپێی وەســـفی بلیمەتێکی وەك زەردەشـــت کوردستان کۆمەڵگەیەکـــە بەبەرائەتـــی پەتی ناســـراوە، فێڵ و ساختەیی مەدەنیەت ڕەت دەکاتەوە، گەر بە تێڕوانینی وردبینانـــەوە لە سروشـــتی کۆمەڵگە شـــوانکارەیی و جووتیارییە ســـەرەتاییەکانی دنیـــا بڕوانین، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە بنارو هەڵەنووتی چیاکانی زاگرۆسەوە بەر لە مێژوو دروســـت بوون و ناســـنامەی کەلتووری ڕەســـەنی گەلی کورد دەردەخەن کە لە فەلسەفەیەکی خۆڕسکانەوە بەسروشـــتەوە لکاوە و شوێنگەی ژیاری ئەم گەلە زەمینەی وای بۆ ڕەخساوە کە لەگەڵ چوار وەرزی ساڵدا ببزوێت، سەیر نەبێت بەلامانەوە کە وشەی هەڤـــاڵ (haval)بە واتای هاوڕێیەتی نەمریی دێت بەپاڵ سروشـــتەوە ؛ ناوی یەکەمین شوانیشە کە دواتر لەدوتوێـــی کتێبی پیرۆزدا نـــاوی هێنراوە، ئەم هەڤاڵە شمشـــاڵ بەلایەوە دۆســـتی گیانـــی بەگیانی بووە و هەســـتەکانی خۆی لەنـــاو بزنە ڕێگەکانی شـــاخی زاگرۆسەوە پێ دەربڕیوەکەهەر لەوێ مەڕوبزنەکانی لێ لەوەڕاندوون، ئەو پرســـیارە سەرمەدییەی لەناو ناوەندی هونەری داهاتووی سیاســـەتەوە بۆ مێژووی دێرینەی ئەم گەلە دەدرکێنرێـــت ئەوەیە کێ هەڤاڵ بەڕێوەدەبات ؟ دەســـکەوتەکانی مێژوو لە شۆڕشـــی کاوەی دژ بە زوحاکـــدا و تا دەگاتـــە ڕاپەڕینی کـــوردان لە دژی زوڵم و ستەمی ســـەدام بە بێ گومانەوە سەلماندویانە کەهەڤاڵانی زاگرۆس لە ناو فەرهەنگانی سیاســـەتدا ئەوەی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی دەناسرێت ڕەتی دەکەنەوە و تەنیا بـــە دەوڵەتی هاووڵاتی بوون ڕازی دەبن، ئەمە ئومێدی لە مێژینەی ئەم گەلەیەو تا ئێستاش ئومێدی شەرعیانەیەتی ..

کوردســـتان یەکێکـــە لـــە دەوڵەمەندتریـــن پێگـــە جوگرافیەکانی دنیا بەســـەر نەخشـــەی خۆرهەڵاتی ناوەندەوە، ئومێدو ئاوات لەوەدایە کە ئەم دەوڵەمەندییە بە هاوسەنگی بەڕێوەببرێت تا سەرمایەی سروشتی بەردەوام بێت بۆ دەســـەبەرکردنی پێداویستیەکانی هاووڵاتیانی ( haval)بەشـــێوەیەك کەرامەت بپارێزێت بەر لە هەر شتێکی تر، بۆیە پێویستە کەلتووری ئومێدو تێکۆشانی خامە لە دڵ و هـــزری وەچەی گەنجاندا بچێنین وەك بناغەیەك بۆ دەوڵەتـــی هاووڵاتیتی و بونیادنانی ماڵە گەورەی کوردســـتان ئەرکی هەنووکەیمان بێت دوور لە چاوچنۆکێتی بۆ دروســـتکردنی چەند باڵەخانەیەکی شەخسی لێرەو لەوێ، دامەزرانی ماڵە گەورە ئومێدی باب و باپیرانە و لە پێناویدا سەدان هەزار دایك جەرگیان سووتاوە..

لەسەر دەســـەڵات و ئۆپۆزسیۆن مەرجەو پێویستیشە ڕووبـــەڕووی شـــەپۆلی چڵێســـی و بەرچاوتەنگی و چاوچنۆکی ببنەوە کە بکوژی ئومێدەکانمانە، ئەوانەی ســـواری تەوژمی چڵێســـێتی بوونەتەوە هـــاوکارن لە دروستکردنی نایەکســـانی و قووڵکردنەوەو بەرینبوونی کەلێنی نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، بەپێی وتەی ئەفلاتۆن ئەو جۆرە کەسانە دادوەری کۆمەڵایەتی ناهێڵن و وەك دەربازی خۆشـــگوزەران ڕێگرن لەبەردەم چین و توێژە خێرخوازەکان، باشـــترە بانگهێشت بکرێنە سەر مەزاری پیرۆزی شەهیدان و سەرکردە شەهیدەکانی کوردســـتان لە هەورامانەوە تا بارزان، لە کاتێکدا ئومێد قـــەدەری نەتەوە دادەمەزرێنێت لـــە پاڵیدا چاوچنۆکی وەك دیاردەیەکی ناشارستانی ئینتمای نیشتمانی لاواز دەکات و هەر هەنجەت و شـــێوازێکی هەبێت زەمینە بۆ دەرکەوتنی زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی دەڕەخســـێنێت بە پێچەوانەوە ئومێد باڵانمایی شارســـتانیەت نیشـــان دەدات دەســـەڵاتی شەرعیانە کە لە گەلەوە سەرچاوەی گرتووە دەڕازێنێتەوە بەڵام سەروەت و سامان و پارە بەرەو دارمان پەلکێشـــمان دەکات لەســـەر ڕای شکسپیر کە دەڵێت ئۆقیانوس و دەریاکان ســـنووریان بۆ هەیە بەڵام چاوچنۆکی سنووری نییە، زۆرترین ئەو سنوورانەی بە شـــەرعی کراون و ئەمڕۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناقینی تووڕەکردووە سنووری مۆراڵییە سامانی لای کەسانێك کەڵەکە کردووەو کە لە بنەڕەتتدا ئەو ســـامانە موڵکی گەلە ..

بـــۆ دەرچوون لەو بازنە بەتاڵە پێویســـتی قەیرانەکە عاقڵانـــە و بابەتیانـــە بەڕێوەببرێـــت، بـــە پێی ڕای فۆکۆیاما مامەڵەی دەســـەڵات و ئۆپۆزسیۆن پێویستە بەو ئاڕاســـتەیەدا بچێت کە نەخشـــەی ڕێگا داڕێژن بـــۆ پەرەپێدانی ئومێـــد و وەدیهێنانی یەکســـانی لە کۆمەڵگەیەکـــی وادا کە هەر کەس ئەرك و مافەکانی خۆی بزانێت چین، وەك زەرادەشت دەڵێت هەموو شتێك بـــەرەو نەمان و کۆتایـــی دەچێت تەنیـــا دادپەروەری نەبێت.



## ڕووماڵی گوڵان لە کۆنفرانسی

# لوتکەی سەرکردەکانی جیهان بۆ گۆڕانکاری لە ئیستانبوڵ



مەحمود سامح - ئیستانبوڵ

لــە ڕۆژانــی ١٤-١٥ی ئــازاری ٢٠١١ بەئامادەبوونی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك وەزیرانــی تورکیــا و ژمارەیــەك لەســەرکردە ناسراوەکانی جیهان و دیپلۆمات و ئەکادیمیست و ڕۆژنامەنــووس، زانکــۆی ئیســتانبۆڵ کۆنفرانسێك بە ناونیشانی (لوتکەی سەرکردەکان بۆ گۆڕانــکاری) بەڕێوەچوو، گۆڤاری گوڵان لەبەر گرنگی کۆنفرانسێکی جیهانی وا پڕبایەخ بەپێویستی زانی پسولەی بەشداریکردن بکرێت و لەنزیکەوە لەگەڵ هەندێ سەرکردەی جیهانی وتوویژبکات.

لەم کۆنفرانسەدا کە بۆماوەی دوو ڕۆژبەردەوام بــوو، کۆمەڵێك بابەتــی زۆر گرنگ لەلایەن بەشــداربووانەوە تاوتــوێ دەکــران. لەلایەکی دیکــەوە ئەم کۆنفرانســە بایەخێکــی تایبەتی هەبوو بەتایبەتی ئێستا شەپۆلێکی گۆڕانکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت و باکووری ئەفریقیای گرتۆتــەوە، هەر بۆیە یەکێــك لە ئامانجی ئەم کۆنفرانسە بریتی بوو لە تاوتوێکردنی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت و باکــووری ئەفریقیا لەڕووی ئابووری و سیاســی و کۆمەڵایەتیەوە، هەروەهــا لێکدانــەوەی ئــەم شــەپۆلانەی گۆڕانکاریی دوایی لەگۆشــەی جیاجیاوە کە لەتونســەوە دەســتی پێکردو زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەی گرتەوەو هێشتا بەردەوامیشە.

بــاس لــە چۆنییەتــی کۆنترۆڵکردنــی گۆڕانەکان و ئاڕاســتەکردنی کرا کە پێویستە گۆڕان بەرەو ئاڕاستەو ڕێڕەوی ڕاست و دروست ببردرێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامی سوودبەخش، ئەمەش ئەرکێکی گرنگەو دەکەوێتە ئەســتۆی ســەرکردەکانی ئــەم ســەردەمەوە، دواتر باس لەڕۆڵی ســەرکردەی لێهاتوو کرا کەچۆن بە چ شــێوەیەك بتوانێ گۆڕانکارییەکان بخوێنێتەوەو لێکی بداتــەوە و کۆنترۆڵی بــکات، هەروەها دەبــێ تایبەتمەندی ئەو ســەرکردەیە چی بێ کــە دەتوانێ خــۆی و میللەتەکــەی لەگەڵ گۆڕانکاری بگونجێنێ.

ئەوەی زۆر جەختی لێ دەکرایەوە بەتایبەتی لەلایەن ســەرۆك وەزیرانی تورکیاو یاریدەدەرانی و وەزیــری دەرەوەی تورکیاشــەوە بریتــی بوو لەئــارەزووی تورکیــا بۆســەرکردایەتی کردنــی ئــەم گۆڕانــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و ئەفریقیای باکوور، ئەمەش بەهۆی ئەو ئامانجانەی کە حکومەتی AKP بــۆ تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دایناوە کە بریتییە لەســەقامگیرکردنی ئاشتی و دیموکراســی و سەربەخۆیی و مافی مرۆڤ لەسەرتاســەری ناوچەکە و تەنانەت لەجیهاندا بەگشتی.

وەزیری دەرەوەی تورکیا باسی لەڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاســتی نوێ کرد کــە ئامانجی تورکیایە لەداهاتوودا دروســتی بکات لەسایەی ڕیفۆرم و کۆنترۆڵکردنی گۆڕان لەناوچەکەدا، ئەمەش بریتییە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتێك مەبەســت تیایدا ئەوەیە سنوورەکان هەڵبگیرێت و ناوچەی ســەربەخۆی ئابــووری و بازرگانی دروســت بکرێــت و خەڵکی ئەو ناوچەیە ســەرەڕای فرە کەلتوور و ئیتنیك و ئایین و بیروباوەڕی جیاواز بەیەکەوە بتوانن لەناوچەکەدا بە ســەربەخۆیی بژین، ســەرەڕای گەشەســەندنی ئابووری و خۆشگوزەرانی تاکەکانی ئەم ناوچەیە. هەروەها باسیان لەچۆنییەتی ڕاست خوێندنەوەی گۆڕان و لێکدانەوەی کرد و ئینجا لەم ڕووەوە باســیان لەتاقیکردنەوەکانی تورکیا کرد.

ئــەم ڕوانگە و بۆچوونــەی تورکیا لەلایەن زۆربــەی دەوڵەتانی دراوســێ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەســەندکراو گشتیان ئەوەیان دووپات کردەوە کەوا تورکیا بەڕاســتی دەتوانێ ئاشتی و دیموکراتــی بۆ ناوچەکەیان بێنێ، لەدیارترین نموونەکانی پاڵپشــتیکارانی ئــەم بیرۆکەیەی تورکیا بریتی بوون لەجێگری سەرۆك کۆماری عێراق تاریق ئەلهاشمی و هەروەها خاتوو بوسەینە شەعبانی ڕاوێژکاری سیاســەت و ڕاگەیاندن لەسەرۆکایەتی کۆماری ســوریا. هەردووکیان جەختیان لەســەر ئــەوە کردەوە کــەوا تورکیا نموونەیەکی بەهێز و ســەرکەوتووە بۆ ناوچەکە و دەتوانێ ئــەم ئامانجانە بەدی بێنێ، چونکە تورکیا لەڕاستیدا دیموکراسی بۆ هەمووان دەوێ و لە پێوەندیەکانیدا چاوەڕوانی بەرامبەر ناکات.

هەر لەدرێژەی کۆنفرانسەکەدا باس لەگرنگی ئا ســا یش و ماوەکانــی دوای گۆڕانکاریــش کــرا، زۆر جەخت لەســەر ناسکی گۆڕانەکانی ئەم ماوەیە کرایەوە کەوا پێویستە بەئاگاداری و هەستیاری بەســەر ببرێت و بەوردی چاودێــری بکرێت، چونکــە لەوانەیە ببێتە هۆی دروســت بوونی دیکاتۆرییەتی نوێ ئەگەر بەتەواوی کۆنترۆڵ نەکرێت. دواتر باس لە دیموکراســی و پێوەندی بەئاســایش و بەهەمان شێوە بەســەربەخۆییەوە کرا و گرنگی ئەمانــەش بۆ ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە خرانەڕوو.

خاڵێکی تر لەم کۆنفرانسەدا بریتی بوو لەتیشك خستنە ســەر گرنگی پێوەندییە دۆستایەتیەکان لەنێــوان دەوڵەتــان و کاریگەرییــان لەســەر خۆشگوزەرانی، لێرەشدا باس لەپێویستی یارمەتی و هاوکاری و پاڵپشتی یەکتر کرایەوە. بەم شێوەیە زۆر بەسادەیی گشت کێشەکانمان چارەسەر دەبێ و دەتوانین خێراتر گەشە بسێنین.

دواتــر لەلایــەن کۆ فــی ئەنانــەوە باس لە مەترسیەکانی ئەم ســەدەیە کرا کە چاوەڕوانی گشت تاکێك دەکات و ئەویش باسی لەشارەزایی و تاقیکردنەوەکانی خۆیانی کرد لەگەڵ جۆرەها دەوڵەتی جیهان، جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کەچۆن پێویســتە هەڵوێســت بەرامبــەر ئەم مەترســیانە وەربگرین و چــۆن و کۆمەڵگە و دەوڵەت و ژینگە و نەتەوەکەمان بپارێزین.

لەکۆتاییدا ئەم لوتکەیە بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێ بیــرو بۆچوونی گرنگ ســەبارەت بەداهاتووی ناوچەکەو جیهان، هەروەها گرنگی گۆڕانــکاری و بەردەوامی بۆ گشــت لایەك سەلمێنرا کە چۆن پێویستە گۆڕانکاری بەردەوام بێ و تا چ ڕاددەیەك گرنگە. جەختیش لەسەر لایەنی مرۆیی کرایەوە کەوا لەسەرووی هەموو شــتێکەوەیە و پێویســتە لەهەموو شتێك زیاتر بایەخی پێ بدرێت.

سەبارەت بە گرنگی ئەم کۆنفرانسە و بایەخی ئەم گۆڕانکاریانەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتــەوە، ڕاو بۆچوونی چەند ســەرکردە و ئەکادیمیســت و ڕۆژنامەنووسانمان وەرگرت کە ئەمە پوختەکەیەتی.



تۆن عەبدوڵڵای حاجی ئەحمەد سەرۆک وەزیرانی پێشووی مالیزیا بۆ گوڵان:

# گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باش و گرنگن، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە دواکەوتوون و دەبوو پێشتر ڕوویانبدایە

عەبدوڵــڵای کوڕی حاجــی ئەحمەد بــەدەوی کــە لەســاڵی ٢٠٠٣ -٢٠٠٩ ســەرۆك وەزیرانی مالیزیا بووە سەرۆکی پارتی (UMNO) واتە پارتی یەکێتی نیشــتمانی مالیزیا کە گەورەترین پارتی سیاســییە لــە مالیزیــا و یەکێکــە لە سیاســەتمەدارە دیارەکانــی مالیزیا و لە کاری حکومڕانیدا ســەرکەتوو بووە، بۆیە مەهاتیــر محەمەدی ســەرۆکی مالیزیا نازنــاوی (تۆن)ی پێبەخشــیووە کە ئەم نازنــاوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی شــا تانکۆ میزان زەینــەڵ ئەبیدن کــە خزمەتێکی گەورەی گەلــی مالیزیای کردووە، تۆن کە یەکێك بوو لە بەشداربووانی کۆنفرانسی ئیســتانبۆڵ لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەدا بەم جۆرە وەڵامی پرســیارەکانی گوڵانی دایەوە:

لە ســەرەتاو لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئاراســتەمان کــرد بەوەی ئایــا ئامانج لەگرێدانی ئــەم لوتکەیــە چییە؟ تۆن عەبدوڵڵا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەو وتی: (ئامانجی ئەم لوتکەیە ئەوەیە کە ئێمە لە پارچــە جیاجیاکانی جیهانەوە هاتووین بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیــروڕاو تاقیکردنەوە و شارەزایەتیەکانمان لەگەڵ یەکتری، ئەوەی گرنگبــێ ئەوەیــە کە ئێمــە هەمووومان مرۆڤین و هەموومان پێویستیمان بە یەکتر هەیە و هیچ یەکێکمــان ناتوانین بەتەنیا بژین، بۆیە پێویســتە لێرەدا هاوبەشی بە شــارەزایی و ڕێگەکانی ســەرکەوتنمان بکەین لەگەڵ یەکتری. بۆ نموونە ئەگەر تۆ توانیت دیموکراســی لــە وڵاتەکەتدا بونیاد بنێی پێویســتە لێرەدا بە من بڵێی من فڵانە ڕێگەم گرتە بەر بۆ بونیادنانی دیموکراســی و تیایدا سەرکەوتنم بەدەست هێنا، واتە پێویستە چۆنییەتی و ڕێگەکانی سەرکەوتنمان بەیەکتر بڵێین)).

□ □ □

**گۆڕین تەنیا بریتی نییە لە گۆڕینی ڕژێمێکی سیاسی یان گۆڕینی دەسەڵات، بەڵکو بە بۆچوونی من لایەنی مرۆیی گۆڕان زۆر زۆر لەمانە گرنگترە**

□ □ □

ســەبارەت بــە گۆڕانکارییەکانــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتیش کە بەشــێکی گرنگــی کۆنفرانســەکەی گرتبــۆەوە، تــۆن عەبدوڵــڵا بەمجــۆرە تێڕوانینی خۆی ســەبارەت بــەو گۆڕانکاریانە بۆ گــوڵان خســتەڕوو و وتــی: (بێگومان ئەم گۆڕانکارییانە شــتێکی زۆر باشــن و پێموایــە تەنانەت دەبوایــە ئەم گۆڕانە پێشتر بکرێ، من داهاتووی ئەو ناوچەیە زۆر گەش دەبینم، بەڵام گرنگترین لایەن لەم گۆڕانە کە پێویســتە جەختی لەسەر بکەینــەوە ئەویــش بریتییە لــە لایەنی مرۆیی و هەوڵی گۆڕین و گەشەپێدانی خەڵکــی ئەم ناوچانــە بکەین لەڕێگەی زانکۆ و خوێندنگاکانەوە، چونگە گۆڕین تەنیــا بریتی نییە لە گۆڕینی ڕژێمێکی سیاســی یان گۆڕینی دەسەڵات، بەڵکو بــە بۆچوونی من لایەنی مرۆیی گۆڕان زۆر زۆر لەمانە گرنگترە، پێویستە هەوڵ بدەین بەیەکەوە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ئەم لایەنە لەڕێگەی گەیاندنی زانســت و زانیاری بــۆ ئەو ناوچانە و زیاتکردنی هەلی خوێندن، یارمەتیدانی خەڵکی ئەم ناوچانە بۆ زیاتر کرانەوە بۆ دەرەوە)).



ڤاسینتی فۆکس سەرۆک کۆماری پێشووی مەکسیک بۆ گوڵان:

# تەنیا گۆڕانکاری هەموو شتێک نییە، بەڵکو پێویستە داهاتوو بونیاد بنرێت، بۆ بونیادنانی داهاتووش پێویست بە سەرکردەی بەهێز و خاوەن ئێتیکی جیهانی دەکات

بەڕێز ڤاسینتی فۆکس سەرۆك کۆماری پێشووی مەکسیك، سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەراوردێکی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی ئەمریکای لاتینی کرد کە هەمان گۆڕانکاری لەو بەشەی جیهان ڕوویانداوە لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان وتی: (ئەم گۆڕانکارییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، بەشێکە لە پرۆسەیەکی سروشتی جیهانی و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی، ئێمەش لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکای لاتینی بەهەمان پرۆسەدا تێپەڕبووین کە خۆمان ڕزگار کرد لە دیکتاتۆرەکان و بووینە نەتەوەی دیموکرات و ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر گەشەسەندنی ئابووری و زۆر باشیش گۆڕنکارییەکان بوونە پاڵپشتی گەشەسەندنەوەی ئابووری لەو ناوچەیە. هەربۆیە ئەوەی من ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیبینم، پێموایە بەتەواوەتی هەمان ئەو شەپۆلی گۆڕانکارییانەیە کە ئێمە وەك ئەمریکای لاتینی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو پێیدا تێپەڕین، دەبێت هەموومان ئەو ڕاستیە بزانین خەڵکی بەدوای دیموکراسی و سەربەخۆیی دەگەڕێن، هەر بۆیە من لەوە دڵنیام ئەم گۆڕانکاریانە دەبێتە مژدەی داهاتوویەکی ڕووناك بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەی گرنگبێ لێرەدا بریتییە لە سەرکردەکانی داهاتوو، چونکە تەنیا گۆڕانکاری هەموو شتێك نییە، بەڵکو پێویستە داهاتوو بونیاد بنرێ، بۆ بونیادنانی ئەم داهاتووەش پێویستیمان بە سەرکردەی بەهێز و بە ڕەوشت و ئێتیکی جیهانی هەیە)).

سەبارەت بە بایەخ و گرنگی ئەم گۆڕانکاریانە بۆ هەڵکردنی باهۆزێکی دیموکراتیانە لەناوچەکە، سەرۆك کۆماری پێشووی مەکسیك لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (دیموکراسی دوو شتی سەرەکی لەگەڵ خۆی دێنێتە ئاراوە، یەکەمیان: پابەندبوونە لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتیەوە، لەبەر ئەوەی کاتێ لە سیستەمێکی دیموکراتیدا سەرکردایەتی دەگریتە سەرشانی خۆت، ئەوا سەرکردە دەبێتە بەشێك لەو سیستەمە و بەرپرسیاری بونیادنانەوەی نەتەوەکەت دەکەوێتە سەرشان، هەربۆیە دەبێت لەو کاتەی لە دەسەڵاتدای، بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتەکەت بڕیار بدەیت، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنی هاووڵاتیان. خاڵەکەی دیکەیان یان دووەمیان ئەوەیە دیموکراتی یەکسانە بە سەربەخۆیی و سەربەخۆییش بریتییە لە داهێنان و نوێخوازی و چالاکی و وەبەرهێنان، بۆیە کاتێ تۆ ئازادی بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە و پلانی بۆ دادەڕێژی و چێژ لە سەربەخۆیی خۆت وەردەگریت)).

□□□
**ئەم گۆڕانکارییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، بەشێکە لە پرۆسەیەکی سروشتی جیهانی و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی**
□□□


عەبدولقادر ئاکسۆ جێگری سەرۆکی پارتی AKP بۆ گوڵان:



# لەسایەی ئەو سیاسەتەی ئێستا پێڕەوی دەکەین توانیومانە پێوەندییەکی زۆر باش لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق دروست بکەین و هەنگاوی باشیش بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا هەڵبگرین

عەبدولقادر ئاکسۆ لە دیاربەکر ساڵی ١٩٤٤ لەدایك بووە، ئێستا جێگری ڕەجەب تەیب ئەردۆگانە لەپارتی داد و گەشەپێدانی فەرمانڕەوا لەتورکیا و یەکێکە لە ئەندام پەرلەمانتارەکانی هەمان حزب لە ناو پەرلەمانی تورکیادا، هەروەها یەکێك بوو لە بەشداربووانی کۆنفرانسی (لوتکەی سەرکردەکانی جیهان بۆ گۆڕانکاری) کە لە ڕۆژانی ١٤و ١٥ی ئادار لە ئیستانبۆڵ بەڕێوە چوو، لەم کۆنفرانسەدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کردو بەڕێزی وەڵامی داینەوە و لە سەرەتادا پرسیارمان لێکرد بەوەی ئایا بەڕێزتان وەك جێگری سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان چۆن دەڕواننە گۆڕنکارییەکانی ئەم دواییەی وڵاتانی عەرەبی؟ لەوەڵامدا عەبدولقادر ئاکسۆ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئەو گۆڕانکاریانە شتێکی چاوەڕوان کراو بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە بۆ ماوەی چەندین ساڵە سەرکردە دیکتاتۆرەکانی ئەو وڵاتانە ئەو خەڵکەیان چەوساندۆتەوە لە وڵاتەکانیان و بوونەتە بەربەست لەبەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتنی براکانمان لەوێ. چەندین ساڵە سەرچاوە سروشتییەکانی



ئەم وڵاتانە لەبری بەكارهێنان بۆ خۆشگوزەرانی و بەرزكردنەوەی ئاستی ئابووری گەلەكانیان، ئەوا بۆ چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری گەلانی ئەم ناوچەیە بەكار هێنرابوو. لەگەڵ ئەم پێشكەوتنە خێرایەی تەكنۆلۆژیا و ئینتەرنێت و گۆڕانكارییەكانی دیكەی لایەنەكانی تری جیهان، ئەم گەلە چەوساوانەش دەستیان كرد بە داواكردنی مافەكانیان و ڕژانە سەر شەقامەكان بۆ ئەوەی گۆڕانكاری لە بارودۆخی خۆیاندا بكەن. ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرنگ بێ ماوەی دوای ئەو گۆڕانكاریانەیە، چونكە ئەگەر ئەو ماوەیە بەباشی كۆنترۆڵ نەكرێ، ئەوا لەوانەیە لەو كاتەی كە خەڵكی خۆش بەختن بە ڕزگاربوونیان لە دیكتاتۆرێك، دیكتاتۆرێكی نوێ دروست ببێ. بۆیە هەر وەكو باسم كرد پێویستە ئارەزوو و خێرایی چەق بەستنی بارودۆخەكە باش بخوێننەوە و بەردەوامی بە گۆڕانكارییەكان بدەن)).

لەلایەكی دیكە و سەبارەت بەو جەختكردنەوەی وەزیری دەرەوەی توركیا كە لە كۆنفرانسەكەدا جەختی لەسەر ئەوەكردەوە بەوەی توركیا بەردەوام دەبێت لەریفۆرم، ئەو پرسیارەمان ئاراستەی بەڕێز ئاكسۆ كرد، ئایا ئێوە وەك پارتی داد و گەشەپێدان ئامانجتان لە ڕیفۆرمی بەردەوام چییە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا ئاكسۆ وتی: (ئامانجی ئێمە لە ڕیفۆرم هەروەكو بەڕێز جەنابی سەرۆك وەزیرانیش باسی كرد بریتییە لە سەقامگیركردنی ئاشتی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری، دیموكراسی لە وڵاتەكەمان و لە وڵاتە دراوسێكانمان و لە ناوچەكەمان و تەنانەت لە جیهان بە گشتی، ئێمە پاڵپشتی ئاشتی و دیموكراتی بۆ هەموو كەسێك دەكەین، چونكە بوونمان بە خاوەن بەها مرۆڤایەتیە نێودەوڵەتیەكان وامان لێدەكات بەو جۆرە ڕەفتار بكەین.

□ □ □

**ئەم گۆڕانكاریيانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە. بەشێكە لە پرۆسەیەكی سروشتی جیهانی و وەرچەرخان بەرەو دیموكراتی**

□ □ □

ئێمە دەمانەوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەموو نەتەوە و كەلتوور و ئایین و مەزهەبە جیاوازەكانەوە بەیەكەوە بە برایانە بژین. ئێمە وەك توركیاش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ئەوەی لە توانامان بێ درێغی لێ ناكەین. لەم بارەیەشەوە ئێمە هەنگاوی گەورەمان ناوە نەك تەنیا بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد، بەڵكو بۆ چارەسەركردنی كێشەی عەلەوی و ئەرمەنییەكان و كەمینەكانی تریش، ئەوەتا لەسایەی سیاسەتی نەهێشتنی كێشە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ توانیومانە پێوەندییەكی زۆر باش لەگەڵ هەرێمی كوردستانی عێراق دروست بكەین، كونسوڵخانەیەكمان لەوێ كردەوە، پێوەندی ئابووری و بازرگانی زۆر باشمان لەگەڵ ئەو ناوچەیە هەیە، هەروەها لە سایەی سیاسەتی كرانەوەی كورد و كرانەوەی دیموكراتی توانیومانە هەنگاوی زۆر گەورە و لەجێ هەڵبگرین بۆ چارەسەركردنی كێشەی برا كوردەكانمان لە توركیا و بەردەوامیش دەبین لە هەنگاونان بۆ زیاتر بەرەوپێشچوون و چارەسەركردنی كێشەكانمان.



تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ گوڵان:

# بەکارهێنانی پێوەری جیاواز لەلایەن ڕۆژئاواوە ڕووەو کێشەکانی ڕۆژهەڵات بۆتە جێی نیگەرانی موسڵمانان

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو بەڕێز هاشمی لە بەغدا پێشوازی لە پەیامنێرانی گوڵان کرد، بەڵام ئەمجارەیان لە ئیستانبوڵ، هاشمی کە لە کۆنفرانسەکەدا وتارێکی پێشکەش کرد جەختی لە گرنگی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە، بەڵام دوای تەواوبوونی وتارەکەی بواری ئەوەی بۆ ڕەخساندین وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان بداتەوە، لە دەسپێکدا و سەبارەت بە دیدوبۆچوونی لەهەمبەر ئەو گۆڕانکاریانە وەك جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، بەمجۆرە بیروبۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی:

(بسم الله الرحمن الرحیم، لەراستیدا ئەمڕۆ گۆڕانکاری گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا هەیە و پێموایە ئەم کۆبوونەوەیە تۆزێك دواکەوت، بەڵام بەگشتی هەوڵماندا لە گۆڕانەکانی ناوچەکەمان ورد بینەوە و بەدوایدا بچینەوە، چونکە لەهەندێ دەوڵەت گۆڕانکاری گەورە هەیە و لە هەندێکی تر هێشتا هیچ ڕووی نەداوە. بۆیە من پێموایە بەدواداچوونەوە و لێکۆڵینەوە لە گۆڕانەکانی باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گرنگە؟ لەناو کۆنفرانسەکەشدا وەك خۆتان بینیوتانە، لەڕاستیدا هەندێ جیاوازی لە بۆچوونەکان هەیە و ئەمەش پەیوەستە بەو گۆشە نیگایەی کە سیاسەتمەدار تیایدا سەیری خۆپیشاندانەکانی لیبیا دەکات. بە بۆچوونی من پێویستە پارێزگاری لە گەلی لیبیا بکرێ و قەدەغەی بەکارهێنانی ئەو چەکانە بکرێن کە لە ئەساسەوە بۆ پارێزگاریکردنی خەڵکی لیبیا هێنرابوون و نابێ بەهیچ شێوەیەك لە دژی گەلی لیبی بەکاربێت. هەر بۆیە من پێموایە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەست بخاتە ناو ئەم کارە بۆ وەستاندنی ئەم مەجزەرەیە لە دژی خەڵکێکی بێتاوان کە داواکاری گۆڕانکاری دەکەن بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە. ئەمە داواکاریەك نییە بۆ دەستتێوەردانی بیانی، بەڵام ئەمە هەستی بەرپرسیاریە و پێموایە ئەمڕۆ پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهانی عەرەبی کە دەستی یارمەتی بۆ برا لیبییەکان درێژ بکەن و ڕێگە بگیرێ لە کەوتنەوەی کوشتارێکی زۆر لە خەڵکی لیبی لەلایەن هێزە چەکدارەکانی لیبیاوە)).

لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بەو وتارەی لە کۆنفرانسەکە پێشکەشی کرد، پرسیارمان لێکرد ئایا وەك جێگری سەرۆك کۆماری عێراق پەیامی تۆ چی بوو لەم کۆنفرانسەدا؟ لەوەڵامدا بەڕێز هاشمی بەمشێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

(سەبارەت بە پێوەندی ئاسایش بە وزەوە وتارێکم

□ □ □

**عێراق وڵاتێکی سەربەخۆیە و پێویستە لە لایەن گشت دراوسێکانییەوە ڕێز لەم سەربەخۆییەی عێراق بگیرێ**

□ □ □

پێشکەش کرد، ئەو دەوڵەتانەی کە هاوردەی وزەیان هەیە گرنگی بە بەردەوامی گەیشتنی وزە دەدەن بۆ وڵاتەکانیان ئەمەش بابەتێکی باس کراوە لەپاڵ لایەنێکی تر کە ئەم جۆرە دەوڵەتانە تەنیا گرنگی بە قازانجی خۆیان دەدەن و گرنگی بە بارودۆخی دەوڵەتانی خاوەن نەوت نادەن، بێگومان کاتێ بابەتەکان پێوەندیان بە قازانجەوە هەبێ ئەوا ئەو دەوڵەتانەش هەڵوێستێکیان دەبێ و لەکاتێکیش کە قازانج بۆ دەوڵەتانی تر دەبێ، ئەوا هەڵوێستێکی تریان دەبێ. لەم ڕوانگەیەوە ئاسایش زۆر زەرورە و ئەمڕۆ دەوڵەتانی نێردەی غاز و نەوت دەیانەوێ کە ئەم نەوت و غازە بفرۆشنە دەوڵەتانی پیشەسازی سەرەکی و هیواخوازیشن داهاتی نەوت و غاز وەبەر بێنن بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ژیان و چاکسازی لە بواری سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری و..تاد ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە و تەنیا پەیوەست نییە بە دەوڵەتانی ناردەنی یاخود تەنیا پەیوەست نییە بە ناوچەکانیانەوە، بەڵکو ئەمە کێشەیەکی سیاسی، مرۆڤایەتیە و پێویستە لەسەر دەوڵەتانی هاوردەی غاز و نەوت کەوا دەستی هاوکاری درێژ بکەن بۆ سەقامگیرکردنی باری دەوڵەتە ناردەنییەکان بەباشترین شێوە و هاوکاری دامەزراندنی دامەزراوە دیموکراتیەکان بکەن لەم دەوڵەتانە بەبێ دەست تێوەردانی سەربازی، بەڵکو بە پاڵپشتی کردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، هەروەها یارمەتی گۆڕانیان بدات بە تەدریج و بەبێ بەکارهێنانی











هێز و بەبــێ بوونە هۆی کەوتنــەوەی ئاژاوە و کێشــە ئەمەش ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە و لەم ڕوانگەیەوە پێویستە هەموولایەك گرنگی بە بارودۆخی ئاســایش بدەین. لایەنی دووەم بریتییە لە بەکارهێنانی پێوەری جیاواز لەلایەن ڕۆژئاواوە ڕووەو کێشــەکانی ڕۆژهەڵات وەك بەکارهێنانی پێوەرێکی تایبەت بە باری ئاســایش و پێوەرێکی تر تایبــەت بە هێزی نیوکلیــاری ئەمەش بۆتە جێی نیگەرانی موســڵمانان کاتــێ دەبینین کە بە دادپەروەرانە مامەڵە لەگــەڵ دەوڵەتان ناکەن ئەمەش پێویســتی بــە پێداچوونەوەیــەك هەیە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە غاز و نەوت لە دەرەوە دەهێنن).

ســەبارەت بە پێوەندییــە ئیقلیمیەکانی عێراق بە گشــتی و پێوەندی عێراق لە ئێســتا لەگەڵ کۆماری ئیســلامی ئێران، تاریق هاشمی وتی: (عێراق وڵاتێکی سەربەخۆیە و پێویستە لە لایەن گشــت دراوســێکانییەوە ڕێز لەم سەربەخۆییەی عێــراق بگیرێ، بەڵام زۆر جــار لەلایەن ئێرانەوە دەســت دەخرێتە ناو کاروبارەکانمانەوە ئەمەش کار دەکاتە ســەر پێوەندیەکان. ئێمە ئارەزووی دووبارە بونیادنانــەوەی ئاسایشــی ناوچەییمــان هەیە لەسەر ئەساســی ڕێزگرتنی سەربەخۆیی گشت وڵاتانی ئەم ناوچەیــە و هیواداریین کەوا لەگەڵ بەســەرچوونی کات ئێران بیر لــەوە بکاتەوە کە پێویســتە ڕێز لە ســەربەخۆیی عێراق بگیرێ و پێوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیش لەســەر ئەساسی ڕێزەوە بونیاد بنرێ، ئێمە هێشتا لە ماوەی ئینتیقالین و پێویســتیمان بە هاوکاری دراوســێکانمان هەیە. هەربۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ تورکیــا بەهێزتر دەبێ و ئێمە چاوەڕوانی کۆمپانیا و بازرگانانــی زیاتر لە تورکیا دەکەین بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی بازرگانی لەگەڵیان. سەبارەت بەسەرچاوەکانی نەوتیش ئێمە ئامادەین بــە هەموو شــێوەیەك یارمەتی تورکیــا بدەین، چونکە تورکیا زۆر یارمەتیدەر و پاڵپشتیکارمانە، لە ڕاســتیدا دەمانــەوێ ئێرانیــش وەك تورکیا مامەڵەمان لەگەڵ بکات، تورکیا ئێســتا ڕۆڵی براگەورە دەبینێ بۆ عێراق و زۆر ڕێزمان دەگرێ و یارمەتیمــان دەدات و ئێمــەش زۆر ســەخین بەرامبەر تورکیا لە ســەرچاوەکانی نەوت و گاز و تورکیاش بەهەمان شــێوە لەسەرچاوەکانی ئاو، بــەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئێران بەو شــێوەیە نییە، ئێران ئاوی ٤٢ ڕووباری وەســتاندووە کە پێشــتر دەڕژانــە خاکی عێراق و ئەمەش هەڵوێســتێکی دۆســتانە نییە. هەرچۆنێك بێ ئێمە دەمانەوێ پێوەندیەکانمان لەگەڵ ئێران گەشەپێبدەین و بەهێز بکەین و ئامادەین، بەڵام تۆپەکە هەتا ئێســتا لە گۆڕەپانی ئێراندایە)).

د. بوسەینە شەعبان ڕاوێژکاری سیاسی و ڕاگەیاندنی سەرۆک کۆماری سوریا بۆ گوڵان:

# ئایا ڕۆژئاوا دەیەوێت دیموکراسی لە وڵاتانی ئێمە پەیڕەو بکرێ هەروەک چۆن لە وڵاتی خۆی پەیڕەوی کراوە؟



خاتوو بوسەینە شەعبان کە لە کۆنفرانسەکەشدا، دوای داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا، وتارێکی بەناوی کۆماری سوریاوە خوێندەوە، ڕاشکاوانە وەڵامی ئەو قسانەی ئۆغلۆی دایەوە کە وتی ئەم گۆڕانکاریانە ماوەی ٢٠ساڵ دواکەوتن و دەبوایە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕووی بدایە، بۆیە د.بوسەینە ئاماژەی بەوەکرد دەبوایە ئەم گۆڕانکاریانە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕووی بدایە و لەمەش مەبەستی لەوە بوو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیرکاریان بەداگیرکار گۆڕیەوە، هەربۆیە لە کۆنفرانسەکە بە پێویستمان زانی وەك ڕایەکی پێچەوانە لەناو کۆنفرانسەکە چەند پرسیارێك ئاراستەی خاتوو بوسەینە بکەین و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:

سەرەتا لێمان پرسی ئایا تۆ وەك ڕاوێژکاری سەرۆکی سوریا چۆن ئەم گۆڕانکاریانە سەیر دەکەیت؟ لەوەڵامدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (سەرەتا حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم، ئەم لوتکەیە زۆر نایاب بوو و پرۆفیسۆر داود ئۆغلو باسی لە چەندین خاڵی زۆر گرنگ کرد، و باسی لە وێنە و ڕوانگەی داهاتوو کرد و منیش خاوەنی هەمان بۆچوونم لەگەڵ بەڕێزیان کە گرنگترین شت وێنەیە و ئەمەشی دەخەمە پاڵ کە لەوەش گرنگتر ڕوانگەیە، ئایا ڕۆژئاوا بەچاوێکی هاوبەش و هاوپەیمان و یەکسان سەیرمان دەکات و ڕێزمان دەگرێ وەك هاوبەش؟ ئایا دەیەوێت دیموکراسی لە وڵاتانی ئێمە پەیڕەو بکرێ هەروەك چۆن لە وڵاتی خۆی پەیڕەوی کراوە؟ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتە عێراق و عێراقی داگیر کرد، ئایا دیموکراسیەتێکی هاوشێوەی دیموکراسیەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی دروست کرد لەوێ یاخود عێراقی وێرانکرد بۆ ماوەی ٥٠ ساڵی داهاتوو؟ ئایا ڕێزی گەلی عێراقی گرت و هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی بنەماکانی دیموکراسی؟ بێگومان نەخێر ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ڕۆژئاوا پێوەرێکی بۆ گەلی خۆی هەیە و پێوەرێکی تریش بۆ ئێمە بەکار دێنێ کە ڕێز گرتن و سەربەخۆیی بۆ خەڵکی ئێمە ناهێنێ، بەڵام گەلانی ئێمە خۆیان ڕێزی خۆیان دەگرن و بە ئیزنی خوا داهاتووێکی ڕووناك بۆخۆیان دروست دەکەن. هەربۆیە ئەوەی ئێستا لە ناوچەکە دەیبینن باهۆزی گۆڕانکارییە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە کاتە، چونکە گۆڕانکاری لە مانگێك یاخود هەفتەیەك نایەتەدی. ئێستا




لە کەنداو و وڵاتە عەرەبیەکاندا، ئەمریکا دڵێ نەوتی ئەم ناوچانە بۆ ئێمەیە، دڵێن نەوتی ئێمە لەژێر خاکی ئەواندایە، نەوتەکەمان دەبەن و پاڵپشتی ئیسرائیل دەکەن لەدژی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان، بەڵام وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تازە لە خەو هەڵسان و خەڵکەکەشی لە خەو بەخەبەر هاتەوە و داهاتووی ئەو ناوچەیە بۆ خەڵکی ناوچەکەیە، خەڵکی ئەو ناوچەیە تاکە خاوەنی سەرچاوەکانی ئەو ناوچەیەن و ئەمریکا چیتر ناتوانێ ئەم خەڵکە کۆنترۆڵ بکات و ویست و داواکارییەکانی خۆی بەسەریان بسەپێنێ. ئەم گۆڕانکارییەش زۆر زووتر دەهاتە کایەوە ئەگەر کێشەی عەرەب و ئیسرائیل و پاڵپشتی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل نەبوایە، بۆیە ڕۆژئاوا بووە هۆی دواکەوتنی گۆڕانکاری لە ناوچەکەمان و ڕۆژئاوا ئێستا دەیەوێ ناوچەکەمان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کار لە کار ترازا و چیتر ناتوانن. داهاتوو بۆ ئێمەیە و تورکیا وەك نموونەیەکی درەوشاوە بۆمان دەردەکەوێ لەم بارەیەوە)).

سەبارەت بەپێگەی ئێستای تورکیا کە دەیەوێت ڕۆڵێکی کاریگەر لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا بگێڕێت، خاتوو بوسەینە وتی: (بێگومان تورکیا وڵاتێکی زۆر گرنگ و فراوانی ناوچەکەیە هەروەها بوونی وەك موسڵمان، چونکە هەمیشە ڕۆژئاوا پێمان دەڵێ کەوا وڵاتی ئیسلامی ناتوانێ دیموکرات بێ و ناتوانێ سەربەخۆ بێ، بەڵام ئێستا تورکیا سەلماندی کەوا وڵاتێکی موسڵمانە و دەتوانێ دیموکرات بێ و دەتوانێ سەربەخۆ بێ سەرەڕای گەشەسەندنیشی، هەروەها دەتوانێ ڕێز لە دراوسێکانی بگرێ و یارمەتیان بدات بۆ بەدیهێنانی ئەم گۆڕانە. تورکیا بەڕاستی هەڵگری ئەم مەشخەڵەیە لەڕووی ئەو هەڵوێست و وەستانە بوێرانەیەی، لەڕووی سیستەمی دیموکراسیەت و من دڵنیام کەوا گشت وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوای تورکیا دەکەون. ئێستا سوریا دەیەوێت لەم هەنگاوە هاوپەیمان و هاوکاری تورکیا بێت، هەر لەوەتەی ٢٠٠٤ـەوە سوریا ئەم ڕۆڵە دەگێڕێ، لەو کاتەی کە هەڵوێستی عەرەب بەرامبەر بە تورکیا زۆر شێواو بوو. بەڕێز بەشار ئەسەد سەردانێکی تورکیای کرد و لەدوای ئەم سەردانەش پێوەندیەکی سوری-تورکی زۆر نایاب دروست بوو. لەمەودواش انشاالله سوریا و تورکیا و لوبنان و عێراق دەبنە خاوەنی ناوچەی ئازاد کە خەڵکی تیایدا بتوانێ بە سەربەخۆیی بسوڕێتەوە لەم ناوچانە و انشاالله لەدوای هێوربوونەوە و سەقامگیر بوونی عێراق کە لە سەقامگیر کردنی بارودۆخەکەی نزیک بۆتەوە، ئەم ناوچەیە دروست دەکرێ لەگەڵ ئێرانیش، کە دەبێتە ناوچەیەکی ئابووری سیاسی گەشەسەندوو لە ڕۆژهەڵات. ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە کە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە بۆ بونیادنانی داهاتوویان بەیەکەوە هەنگاو بنێن. ئێمە وەك سوریا سەربەرزین بە باشی پێوەندیەکانمان لەگەڵ تورکیا، ئێستا ڤیزاش لەنێوان سوریا و تورکیا هەڵگیراوە و تورکیا هاوبەش و هاوپەیمانی یەکەمانە لە بازرگانی، گەشەسەندن و ئابووری و لایەنەکانی تر. هەر بۆیەش ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە تورکیا ڕۆڵێکی گرنگتریش ببینێ لە داهاتوودا، چونکە ڕوانگەی تورکیا بۆ دەوڵەتانی دراوسێی ڕوانگەیەکی برایەتی و یەکسانی و هاوپەیانی و هاوبەشیە نەك ڕوانگەیەکی گەورە و بچووکی هەروەك چۆن ڕۆژئاوا لە مالەکردن لەگەڵ ڕۆژهەڵات پەیڕەوەی دەکات)).

**□ □ □**

**هەمیشە ڕۆژئاوا پێمان دەڵێ کەوا وڵاتی ئیسلامی ناتوانێ دیموکرات بێ و ناتوانێ سەربەخۆ بێ**

**□ □ □**

سەبارەت بەوەشی ئایا ئەوان وەك سوریا هیچ نیگەرانی و ترسێکیان لەم گۆڕانکاریانە هەیە؟ خاتوو بوسەینە وتی: ((نەخێر ئێمە وەك سوریا هیچ نیگەرانی و ترسێکمان لە گۆڕانکارییەکان نییە، لەبەر ئەوەی ئەمەش بەشێك بوو لە کێشەکانی ناوچەکە کە پابەند بوون بە داواکاریەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا سەبارەت بەخەڵکی ناوچەکەمان، ئێمە لە سوریا ئەم نیگەرانییەمان نییە، چونکە هەروەك دەزانن سوریا بەر لە ١٠-١٢ ساڵ لەمەوبەر سزادرا لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکەی، چونکە سوریا سوور بوو لەسەر ئەو هەڵوێستە سیاسییەی کە یەکپارچەی خەڵکی سوریا دەپارێزێ)).





# هاووڵاتیانی تەق تەق، بەسەر بەڵام کەمی ئاو و نەبوونی

ناحیەی تەق تەق بەدووری (٥٨) کیلۆمەترێك دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی هەولێرەوە لە نزیکی زێی بچوکە، لەبەرگرنگی سنوورەکە کە لە نێوان خواروو ناوەڕاستی عێراق پێشتر مەڵبەندێکی ترانزێت بوو، بۆیە لەسەردەمی عوسمانییەکان و لە نێوان ساڵانی (١٨٥٠ – ١٩١٨) فەرمانگەی ڕێژەی کۆکردنەوەی باج و دەرامەتی لێ بووە، هەروەها لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق(١٩١٧-١٩١٨) تەق تەق بایەخە ئیدارییەکەی زیادیکردووە. لە (١٩١٩/١/١) بۆتە ناحیە، بەڵام لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەساڵی ١٩٨٦ بڕیاری چۆڵکردنی دراوە، لەبەر گرنگی شوێنەکەی وەکو گوندێك بەناوی (عەزیزییە) ماوەتەوە، لەدوای ڕاپەڕینەوەو لەساڵی ١٩٩٥ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دووبارە تەق تەق کراوەتەوە بەناحیە.

سنووری ناحیەی تەق تەق جگە لەسەنتەری شارۆچکەکە (٢٢) گوند لەخۆدەگرێت، ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە ٢٥ هەزار کەسە، ناوچەیەکی کشتوکاڵی و گەشتیارییە، دەوڵەمەندە بەکانزای نەوت، لە دوای ڕاپەڕینەوە پاڵاوگەی نەوتی لێ دانراوە و ڕۆژانە







# دەریـــــای ئاو و نەوتەوە دەژین سووتەمەنی ژیانی لێ تاڵکردون..

برێکی زۆر نەوتی لێ دەردەهێنرێت. بەڵام سەرەڕای دەوڵەمەندی ناوچەکە بەئاو و نەوت و زەوی کشتوکاڵی، زۆربەی هاووڵاتیانی ناحیەی تەق تەق گلەیی و گازندەیەکی زۆریان لەبارەی نەبوونی کار و پرۆژەکانی خزمەتگوزارییەوە هەیە.

ئێمە وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان لەســـەردانێکی ناحیەی تەق تەقدا ژمارەیەك هاووڵاتیانمان دواندو ئەوانیش زۆر بەڕاشکاوانە گلەیی و رەخنەکانیان لەبارەی کێشەوگرفتە خزمەتگوزارییەکانی ناحییەکە خستەڕوو، بەتایبەتی لەبارەی ئەوەی کە لەسەر دەریای ئاو و نەوت دەژین، کەچی کەمئاوی و نەبوونی سووتەمەنی ژیانی پێ تاڵکردون، هەروەها باسی خراپی ڕێگاوبانی سنوورەکە و ناو گەڕەکەکانی ناحییەکە و خراپی سیستەم و کەمی کارەبای نیشتیمانیان بۆکردین..

بۆ خستنەڕووی گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی پێوەندار بەگرفتی هاووڵاتیان سەردانی (فاتیح حوسێن) بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەقمان کردوو بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.





فاتیح حوسێن بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق بۆ(گوڵان):

# کارەبا لە تەق تەق تاکو ئێستاش بە ١٠ ئەمپێریی دراوەتە هاووڵاتیان

### تۆڕی ڕێگاوبانی ناحیەی تەق تەق بە تایبەتی ئەوانەی بە دەرەوەی دەبەستێتەوە زۆر خراپە

ئەگەر سـەیری ڕێگاوبان و شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەری ناحیە و سنووری تەق تەق بکەین بۆمان دەردەکەوێـت کە گرنگی پێ نـەدراوەو، لە ماوەی سـاڵانی رابردوو کار و پرۆژەی ئـاوای بۆ نەکراوە تاوەکو تـۆڕی ڕێگاوبانی پێـش بکەوێت، ئەمەش هەمان بۆچوونی ژمارەیەك لەو شـوفێرانە بوون کە لـەو ڕێگایە کار دەکەن، بۆ ئەوەی بزانین کێشـە و گرفتەکانیان لەمبارەوە چییە؟ بەڕێوەبەری ناحییەی تەق تەق وتی: یەکێك لەو کێشـانەی لە سـنووری ناحیەی تەق تەق هەیە و کاریگەری خراپی لەسـەر سـنوورەکە دروسـت کردووە، خراپی و بێسەروبەری تۆڕی ڕێگاوبانـە بەتایبەتی ئەو ڕێگاوبانانەی کە ناحیەکە بە دەرەوەی خۆی دەبەستێتەوە.

هەرچەنـدە ڕێـگای (کۆیـە — تـەق تەق) نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام کۆمپانیای نەوتەکە بەشێك لە ڕێگای (کۆیە — تەق تەق)ی گواستەوە، لەئەنجامدا چەنـد پێچ و پەنایەکی تێدا دروسـت بوو، ئەمەش مەترسـیدارە و ڕووداوی دڵتەزێنـی لێ ڕوودەدات، بەگشتی ئەو ڕێگایە سـتاندارد و ئەندازەیی نییە، چونکە کۆمپانیای نەوتەکە لە کۆڵ خۆی کردۆتەوەو کێشەیەکی گەورەی بۆ ئێمە دروستکردووە.

هەروەها ڕێگای (کەرکوك — تەق تەق)مان هەیە کە لەکەرکوك تاشـیوە سـوور نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام لەشیوەسـوور تا تەق تەق کـە (١٢-١٣) کیلۆمەتر دەبێت زۆر خـراپ و نارێکە بەکەڵکی هاتوچۆکردن نایەت، زۆرجار بۆ چاککردنی ئەو ڕێگایە داواکاریمان بـەرز کردۆتەوە، هەر بۆیە لە ماوەی ڕابردوو لەلایەن سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە بڕی (٢١) ملیار دیناری بـۆ تەرخانکراوە، ئـەو پرۆژەیەش پردێکی گـەورەو چەند پردێکی بچوکی لەگەڵدایە، بە تەواو بوونی ئەو ڕێگایە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هاووڵاتیان و بازرگانان دەستەبەر دەبێت.

هـاوکات ڕێگاوبانـی گوندەکانی سـنوورەکە پێویستی بە چاککردن و قیرتاوکردن هەیە،هەرچەندە گوندەکانـی ڕۆژهـەڵات دەکەونە سـەر ڕێگای قیرتاوکراو، بەڵام ئەوانیش تۆڕی بەیەك بەستنەوەیان باش نییە، بۆیـە تۆڕی ڕێگاوبانی ئـەو گوندانە خراوەتە بەرنامەی ئەمسـاڵ بۆئـەوەی چینێك قیر بەسـەر ڕێگاکاندا بکرێت، لەلایەکی ترەوە شەقامی سەرەکی ناو سـەنتەری ناحیەی تەق تەق خراپ و بێسـەروبەر بوو، بەڵام لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە شەقامەکە بەشێوەیەکی هاوچەرخ و بەرفراوان قیرتاو کرایەوە، هەروەها خەڵکەکەشـی قەرەبـوو کرانەوە، ئەو پرۆژەیە سـەنتەری ناحیەکـەی جوان کردووە و سوودێکی زۆری بەدانیشتووانی ناحیەکە گەیاندووە، هەروەها لەماوەی ساڵانی رابردوو ژمارەیەك کۆڵان و شەقامی گەڕەکەکانی ناو سەنتەری ناحیەکە قیرتاو و کۆنکرێت کراوە.

### بەرنامەی گەڕان و پشکنینی ساتوقەڵا زۆر خراپە

هەڵکەوتەی تەق تەق و سـنوورەکە و بوونی زێی بچوك و شـوێنەوار وایکردووە ئەو شارۆچکەیە ببێتە شوێنێکی گەشتیاریی، سەبارەت بەوەی بۆ پێشکەوتن و برەودان بەکەرتی گەشتیاری لە ناحیەی تەق تەق چ کار و پرۆژەیەکـی گەشـتیاری ئەنجامدراوە؟ لەمبارەیـەوە بەڕێوەبەری ناحیـەی تەق تەق وتی: لەدوای سـاڵی (١٩٩١) بودجەیەکی وا لەبەردەست نەبووە تاوەکو حکومەت و لایەنی پێوەندار بتوانن کار و پرۆژەی گەشتیاری لەناوچەکە ئەنجام بدەن، لەدوای ئازادی عێراقیش بەتایبەتی لەدوای ساڵی (٢٠٠٥) دا ئەو بودجەیەی تەرخانکراوە و بە کوردسـتان دراوە تەنیـا کار و پرۆژە خزمەتگوزارییە سـەرەکییەکانی پێ خراوەتە بەرنامە و کاریان لەسـەرکراوە بەتایبەتی پـرۆژەی ئاو و ئـاوەڕۆ و کارەبا و تەندروسـتی و پەروەردەو . . .تاد

بەڵام بۆ کەرتی گەشتیاری سیاسەتی حکومەتی کوردسـتان ئەوەیە کە کەرتی تایبەت کار و پرۆژەی تێدا ئەنجام بدات و حکومەتیش لە دابینکردنی زەوی و خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکان هاوکاریان بکات، لەمبارەیەشەوە تا ئێستا کەرتی تایبەت کار و پرۆژەی گەشـتیاری وەکو شوێنی حەوانەوەو هۆتێل و مۆتێل و چیشـتخانە و . . . تـاد، لە تەق تەق دروسـت نەکردووە، لـە لایەکی ترەوە خراپـی ڕێگاوبانەکان هۆکارێکی سـەرەکی دواکەوتنی کەرتی گەشتیاریە لە ناحیەی تەق تەق.

هەروەهـا شـوێنەوارێکی زۆر کـۆن و گرنگ لەناوچەکە هەیە تاوەکو ئێستا بەجددی کاری لەسەر نەکراوە، ئەویـش گوندی سـاتوقەڵایە، هەرچەندە زانکوی سـەلاحەدین لە سـاڵی (٢٠١٠) لەگەڵ زانکۆیەکـی هۆڵەندی و ئەڵمانی گرێبەسـتێکی بۆ کنە و پشکنینی ئەو شـوێنەوارە کردووە، بەپێی گرێبەسـتەکە سـاڵی رابردوو یـەك مانگ کنە و پشـکنینیان بۆ ئەنجامدا، لە ماوەی ئەو پشکنینەدا ژمارەیەك کەلوپەلی زۆر کۆن و بەنرخیان دۆزییەوە، کەلوپەلەکانیشـیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی شـوێنەواری هەولێر گواستەوە، بەپێی ئەو بەرنامەیەی دانراوە کە کارکردن لەسەر ئەو شوێنەوارە ماوەی پێنج ساڵ بێت لەهەر ساڵێکیش تەنیا یەك مانگ بێت ئەوە بەرنامە و کارێکـی زۆر خراپە، چونگە کنە و پشـکنینی شوێنەوارێکی وا گرنگ و مێژووی بەو ماوە کورتە ناگاتە ئەنجام.

### پێویستە بە پەلە پرۆژەیەکی ستراتیژی



ژمارە (٨٣٢) ■ ٢٠١١/٢/٢٨

**ئاوی خواردنەوە بۆ تەق تەق ئەنجام بدرێت**

یەکێـک لـەو گرفتانـەی کەزۆربەی شـار و شارۆچکەکانی کوردستان هەیەتی گرفتی کەمئاوییە، هەرچەندە ناحیەی تەق تەق لەسەر زێی بچوکە بەڵام هەمان گرفتی هەیە، لەمبارەوە، بەرێوەبەری ناحیەی تەق تەق وتی:یەکێك لەو کێشە گەورە و بەرچاوانەی رووبەروومان بۆتەوە و کاتی ئەوەی هاتووە چارەسەر بکرێـت کەمئاوییە، چونکە دانیشـتووانی تەق تەق بەگشتی لە دەسـت کەمی ئاوی خواردنەوە بێزارن، هـەر بۆیە یەکێك لەو وتانەی کە خەڵك بە رووماني دا دەدەنەوە دەڵێن (ئێمە لەسـەر زێین و لە تینوویان دەخنکێین)، شـاری کۆیە پرۆژەیەکی سـتراتیژی ئاوی خواردنـەوەی بە بۆری تیرە گەورە بە درێژی زیاترلـە (٢٥)کیلۆمەتر لە تەق تەقەوە راکێشـاوە، گەچی شـارۆچکەی تەق تەق لەسەر سەرچاوەکەیە خۆی بێ ئاوە، بۆیە پێویستە زۆر بە پەلە پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ ناحیەکە ئەنجام بدرێت. چونکە ئەمساڵ ئەو پرۆژەیـە جێبەجێ نەکرێت ژیانی خەڵکەکە زۆر زەحمەت دەبێت، هەر لەمبارەشـەوە زۆر هەوڵماندواە بەهاوکاری وەزارەت و لایەنی پێوەندارەوە ئەو پرۆژەیە لە بەرنامەی ساڵی (٢٠١١) ئەنجام بدرێت.

**بڕیارە پرۆژەیەکی ریسایکلین لە تەق تەق دابمەزرێت**

کۆکردنـەوە و خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشـاك لە زۆربەی قەزا و ناحیە و شارەکان گرفتێکی گەورە و بەرچاوە، ئایا ناحیەی تەق تەق هەمان گرفتی هەیە؟ لەمبارەیـەوە بەرێوەبەری ناحیـەی تەق تەق وتی: بێگومـان گرفتێکی تری تەق تەق کۆکردنەوە و خۆ رزگارکردنە لە زبڵوخاشـاك، چونکە ئەو سیستەمی بۆ ئەو مەبەسـتە تا ئێستا کاری پێ کراوە کلاسیکە و ئـەو ئامێرانەی بەکاریشـی دەهێنـن زۆر کۆنە، بۆیە دەتوانین بڵێین تا ئێسـتا لەمبارەوە شـتێکمان نەکردووە کە خزمەت بە هاووڵاتیان و شـارۆچکەکە بـکات، بەڵام لایەنـی پێوەندار لـە هەوڵی ئەوەدان بەسیستەمێکی تازە و هاوچەرخ ئەو گرفتە چارەسەر بکەن، لـە(٢٠١١/٣/١) کۆمپانیایەك پاککردنەوەی تەق تەقی لە ئەسـتۆ گرتـووە و بڕیارە پرۆژەیەکی ریسـایکلینیش دابمەزرێـت، ئەو کاتـە دەتوانرێت شارۆچکەکە لەگرفتی زبڵوخاشاك رزگاری بێت.

**هەر ماڵێك لە تەق تەق تەنیا(١٠) ئەمپیر کارەبای پێدراوە**

لە دوای سـاڵی (١٩٩١) ژێرخانـی کارەبا لە هەموو هەرێمی کوردسـتان تێکچـوو بوو، گرفتی کارەبا ئەزمەیەکی زۆر گەورەی بۆ خەڵك دروسـت کرد، بەڵام حکومەتی کوردستان لەماوەی ئەو بیست سـاڵەی رابردوو هەوڵی داوە ئەو ئەزمەیە چارەسەر بکات، بەڵام تائێستاش ئەو گرفتە بە تەواوی کۆتایی نەهاتووە، ئایا تەق تەق کێشەو گرفتی کارەبای هەیە و کارەبای نیشتیمانی لەو سنوورە چۆنە؟ لەمبارەیەوە بەرێوەبەری ناحیەی تەق تەق وتی: تۆڕی کارەبای نیشتیمانی گەیشتۆتە شـارۆچکە و سنووری تەق تەق، بەڵام ئەو سیسـتەم و بەرنامەی دابەشکردنەی کارەباییە لە تەق تەق پیادەکراوە لە هیچ شوێنێکی تری کوردسـتان نییە و نەتانبیستووە، ئەویش ئەوەیە هەر ماڵێك لـە تەق تەق تەنیا(١٠) ئەمپیر کارەبای پێدراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە وێستگەی دابەشکردنی کارەبا لە شـارۆچکەکە نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش لە ساڵی (٢٠٠٩) پرۆژەی وێستگەیەکی گۆڕینـی کارەبـا خرایە بەرنامە کە ئێسـتاکە ئەو پرۆژەیـە لەژێر جێبەجێکردندایـە، بەتەواوبوونی ئەو پرۆژەیە دەتوانرێ بە پێی سیسـتەمێکی سـتاندارد و پێـوەر کارەبـا دابەشـی سـەرماڵەکان بکرێت، یەکێك لـەو گرفتانەی تر کە لە بـواری کارەبا لە تەق تەق هەیە نەبوونی سـەلەی کارەباو نەبوونی رووناکـەرەوە (ئینارە)یە لە شـارۆچکەکە ژیانی لێ کردبووین بەیۆەزمە، بـەڵام ماوەیەکە لە چەند شـەقام و شـوێنێکی تەق تەق رووناککەرەوە دانراوە پێویسـتە ئەوە بزانین کە پرۆژەی ئینارە محاویلەی تایبەتی و راستەوخۆی دەوێت، بە دابینکردنی بودجە و محاویلە تایبەتیەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو شارۆچکەکە رووناك دەبێتەوە.

**لە هەموو فەرمانگەکان**

**شەقامی سەرەکی ناو سەنتەری ناحیەی تەق تەق خراپ و بێسەروبەر بوو، بەڵام لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە شەقامەکە بەشێوەیەکی هاوچەرخ و بەرفراوان قیرتاو کرایەوە**

**پێویستمان بە دامەزراندن هەیە**

سـەبارەت بەوەی ئایا میلاکات بەپێی پێویست و داواکار بەرپرسـی یەکە ئیدارییەکان دادەمەزرێت، لە کاتـی دامەزراندن پرس بە یەکە ئیدارییەکان دەکرێت یـان دامەزراندن بـە مەرکەزییەت پیـادە دەکرێت؟ بەرێوەبـەری ناحیـەی تـەق تەق وتـی: لەکاتی دامەزراندن بۆ هەر بوارێك و فەرمانگەیەك بێت پرس بە ئێمە ناکەن و بـە مەرکەزیەت دامەزراندن ئەنجام دەدرێت، ئەو کێشەیە گشتییە و لە هەموو کوردستان وەکو یەکە، بەڵام ئەگەر سیسـتەمی دامەزراندن لە لایان ئەنجوومەنی وزاڕە بە پلان و بەرنامە و بەوردی کاری لەسـەر بکرابوویە و رێکخستنی میلاکات بە پێی پێویستی جێبەجێ بکرایە نەك کێشەی تەق تەق، بەڵکو کێشـەی هەموو ناحیە و قەزاکانی کوردستان چارەسـەر دەکرا، بـەڵام لەئەنجامـی دوو ئیدارەی کەماوەی چەند سـاڵێك لە هەرێمی کوردستان هەبوو کەهەر یەکە بـە بەرنامە و رێنماییەك کاری دەکرد، بۆیە زۆر شتمان جیاوازە.

بێگومـان لە هەموو فەرمانگەکان پێویسـتیمان بـە دامەزرانـدن هەیـە، بـۆ نموونە لـە دیوانی بەرێوەبەرایەتـی ناحیەی تەق تەق پێویسـتمان بە ژمارەیەك فەرمانبەر هەیە، لەبەر ئەوەی ئێسـتاکە تەنیا سـێ فەرمانبەرمان بۆ هەموو بەشەکان هەیە. هاوکات لە زۆربەی فەرمانگەکانی تەق تەق چەندین کارمەند و خزمەتگوزار هەیـە بەکاتیی دامەزراون، ئەمانـە مافیان پارێزراو نییە، لەبەرئەوەی هەرکاتێك کاریان پێیان نەمێنێت دەردەکرێن، بۆیە لێرەدا داواکارین ئـەو کارمەند و خزمەتگوزارانەی بەکاتی دامەزراون بکرێنە فەرمانبەری هەمیشەیی.

**نەخۆشخانەی تەق تەق پزیشکی پسپۆڕ و ئافرەتی نییە**

سـەبارەت بە بواری تەندروسـتی و گرفتەکانی بەرێوەبەری ناحیەی تەق تەق وتی: لە ناحیەی تەق تەق نەخۆشـخانەیەکی (٥٠)قەرەوێڵەیی هاوچەرخ دروسـتکراوە، هەرچەندە تێبینی لەسەر شوێنەکەی هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێـك دوورە لە خەڵکەکەی، وەکو ئاماژەشمان پێدا تۆڕی رێگاوبانی ناحیەکەش زۆر بـاش نییـە و نەخۆش و خەڵکەکـە لە کاتی سەردانکردنیان بۆ نەخۆشـخانەکە تووشی زەحمەتی و ماندوو بوون دەبن.

هەروەها نەخۆشـخانەکە پزیشـکی پسـپۆڕ و شـارەزای نییە، تاکو پزیشـکێکی پسـپۆڕ لە تەق تـەق دادەمەزرێت زۆر هەوڵ دەدەین و ماندوو دەبین، بـەڵام پـاش ماوەیەکی کەم بەبێ ئـەوەی ئاگادار بین یان پرسـمان پێ بکەن پزیشکەکە دەگوازرێتەوە، هاوکات پزیشـکی ئافرەت لە نەخۆشـخانەکە نییە، بۆیە نەخۆشـی ئافرەت بەتایبەتی دووگیانەکان بۆ چارەسـەر و منداڵبوون سەردانی شارەکانی کۆیە و هەولێر و کەرکوك دەکەن.

سـەبارەت بە گوندەکانیـش هەندێکیان بنکەی تەندروسـتی لێیە و یاریدەدەرێکی پزیشك لە جیاتی پزیشـك کار لـە بنکـەکان دەکات، تەوانـەش لە هەفتەیەکدا چەند رۆژێـك و لە رۆژەکانیش چەند کاتژمێرێك دەوام دەکەن و داودەرمانیان بەپێی پێویست نییە، هەروەها جارجار پزیشکێك سەردانی ئەو گوندە دوورە دەستانە ناکات، بۆئەوەی کەسێك نەخۆش بێت بپیشـکنن و چارەسـەری بکات. کەواتە سیستەمی بنکەکانـی تەندروسـتی گوندەکان و سیسـتەمی تەندروسـتی بەگشتی لە هەموو هەرێمی کوردستان سەقەتە، پێویسـتە گۆڕانکاری بنەڕەتی و زانستی تێدا بکرێت.

**تا ئێستاش سێ دەوامی و زۆری قوتابی لە پۆلێك لە قوتابخانەکانی تەق تەق ماوە**

وەکـو دەزانین پـەروەردە و فێرکـردن گرنگی و تایبەتمەندی خۆی بـۆ هەموو کۆمەڵگە و وڵاتێك هەیە، هەموو کات و ساتێك کورد و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کـورد گرنگییەکی زۆری بەم بوارە داوە، لەدوای راپەرینەوە لەلایەن حکومەتی کوردسـتانەوە زۆر کارو پرۆژە بـۆ کاراترکردنی بواری پەروەردە و فێرکردن دراوە، سەرەڕای ئەمانەش لێرە و لەوێ کێشە و گرفتی پەروەردە هەیە، ئایا کێشە و گرفتی بواری پـەروەردە و فێرکردن لە تەق تـەق هەیە؟ لەمبارەوە بەرێوەبـەری ناحیەی تەق تەق وتی: بەشـێوەیەکی گشتی لە بواری پەروەردە بەتایبەتی لە رووی بینای قوتابخانە کاری باش بۆ تەق تەق و سنوورەکە کراوە، لە سـەنتەری ناحیەدا (١٤) قوتابخانەی بنەڕەتی و دواناوەندی و ئامادەیـی هەیە و هەموو گوندەکانی سنوورەکە ئەگەر چەند ماڵێکیش بن قوتابخانەیان

هەیــە، بەڵام گوند هەیــە قوتابخانەکەی بەپێی پێویســت نییە وەکو گوندی مەلا زیــاد و داوامان کردووە بۆیان نۆژەن بکرێتەوە و ئێســتاکە لە گوندی سەرکەلەك قوتابخانەیەکی شەش پۆلی لە ژێر ئەنجام دانــە و قوتابخانەی گوندی کانــی ڕەش هاوینی ڕابــردوو نۆژەنکرایــەوە، دەتوانم بلێم کێشــەمان لە بینایەی قوتابخانە نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکی لە سەنتەری ناحیە ســێ دەوامی و زۆری قوتابییە لە یەك پۆلدا، هەنــدێ قوتابخانە هەیە زیاتر لە (٥٠) قوتابــی لە یەك پۆڵە، ئەمەش لەگەڵ سیســتەمی ئێستای خوێندن ناگونجێت، لەبەر ئەوەی سیستەمی ئێســتا هاوچەرخە و دەبێ قوتابیان گروپ گروپ بن و بە بەردەوامی لەگەڵ مامۆســتایان بەشــدار بن، بۆیە ئەو سیســتەمەی بەو شــێوە و کەرستەی لە تەق تەق هەیە ســەرکەوتوو نابێــت و قوتابیان و نەوەکانمــان زەرەرمەند دەبن، بۆیە پێویســتە لایەنی پەیوەندار گرفتی ســێ دەوامی و زۆری قوتابی لە پۆلێکدا چارەســەر بکەن و کەرستە و پێداویستی ئەو سیستەمەمان بۆ دابین بکەن.

### لەساڵی ٢٠٠٧ بەردی بناغەی کارگەی پیستە خۆشکردن لە تەق تەق دانراوە

بێــکاری یەکێکە لــەو کێشــە و گرفتانەی لە شــارۆچکە و شارەکانی کوردســتان بەدی دەکرێت، بێکارەکانیش زۆربەیان دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگا و کۆلیژن، ئایا لە ناحیەی تەق تەق ڕێژەی بێکاری چەنــدە و هەوڵدراوە هەلی کاریان بــۆ بدۆزرێتەوە؟ لەمبارەوە بەڕێوەبەری شــارۆچکەی تەق تەق وتی: بێگومان بێکاری لە ســنووری ناحیەکەمان هەیە و هەوڵیش دراوە کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو کێشــەیەش زیاتر لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە دەتوانرێت چارەسەر بکرێــت، ئەویش بەدامەزراندنــی چەندین کارگەی جۆراوجۆر لەبوارەکانی گەشــتیاری و کشــتوکاڵی و ئاژەڵــداری و پیشەســازی، چونکە هەموو لایەك دەزانین ســنووری ناحیەی تەق تەق گەشــتیاری و کشــتوکاڵی و ئاژەڵداری و پیشەسازیە. حکومەتی هەریمی کوردســتان بەرنامەیەکی لەبەر دەست بوو کە کارگەیەکی پیســتە خۆشــکردن لەســنوورەکە دابمەزرێنیت و لەســاڵی (٢٠٠٧) بەردی بناغەی بــۆ دانا، گەرچی نەکەوتــە قۆناغی جێبەجێکردن، بەڵام بڕیارە ئەمســاڵ بخرێتە بەرنامەوە، ئەوپرۆژەیە توانای بەگرخستنی زیاتر لە (٢٥٠) کەسی دەبێت، هەروەها پرۆژەیەکی ترمان لەسنوورەکە هەیە، ئەویش پرۆژەی پەلەوەری تەق تەقە کە ژمارەیەکی باش لە هاووڵاتیانی ســنوورەکە کاری تێدا دەکەن، لەلایەکی ترەوە ماوەیەك بەر لە ئێستا کۆمپانیایەکی ئەمریکی بۆ وەبەرهێنانی ئاوی کانزای ســەردانی تەق تەقی کرد، ئێمەش چەند شــوێنێکمان بۆیان دەست نیشان کرد، بەدامەزراندنی ئەو کارگەیەش ژمارەیەکی تری هەلی کار دەست دەکەوێت.

هەروەها لەســنوورەکە کۆمپانیــای نەوت هەیە دەتوانێت هەندێك لە دەرچووانی سنوورەکە دابمەزرێنن بە تایبەتی دەرچووانی پەیمانگای تەکنیکی بەشی نەوت، بەڵام نازانین بۆچی

ئەو کارە ناکەن، لەبەر ئەوەی دامەزراندنی دەرچووان بەتایبەتی تەکنۆکراتەکان دوو سوودی گرنگی هەیە، یەکەمیــان ئەوەیە پاش چەند ســاڵێکی تر کادیر و شارەزای ناوخۆمان دەبێت، بەمەش توانایەکی مرۆیی و زانستی گەورە و هاوچەرخمان دەست دەکەوێت کە لە داهاتوودا سوودیان لێ وەردەگیرێت، دووەم ژمارەیەك کەس دەکەونە کار و خزمەتی کەسوکار و خێزانەکانیان دەکەن و ئینتیمایان بۆ وڵاتەکەیان پتەوو بەهێز دەبێت، گەرچی ئێســتاش هەندێ کەســمان لە کۆمپانیای نەوتەکــە کار دەکەن، بەڵام دەتوانرێت زۆر لەمە زیاتر بێت، لەلایەکی تر پێویستە حکومەت لە هەوڵی ئەوە دابێت خەڵك لە کەرتی تایبەت دابمەزرێنێت و هەلی کار بۆبێکاران ڕێك بخات.

### خەڵکی تەق تەق و سنوورەکە داوای هێنانی کۆلیژی کشتوکاڵی کۆیە بۆ تەق تەق دەکەن

ســەبارەت بەوەی ئایا هەوڵــدراوە پەیمانگا یان کۆلیژێك لە ناحیەی تەق تەق بکرێتەوە؟ بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق وتی: یەکێك لەو شتانەی کە خەڵکی تەق تەق و سنوورەکە داوای دەکەن هێنانی کۆلیژی کشــتوکاڵی کۆیە بۆ تەق تەق، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی ســەرۆك و جێگری ســەرۆکی زانکۆی کۆیەیمــان کردووە و لەگەڵ ســەرۆکی حکومەتیش ئەوەمان باسکردووە، لەمبارەشــەوە بەڵێنمان پێدراوە،

## کۆمپانیای نەوتەکە بەشێك لە ڕێگای (کۆیە – تەق تەق)ی گواستەوە، لەئەنجامدا چەند پێچ و پەنایەکی تێدا دروست بوو، ئەمەش مەترسیدارە و ڕووداوی دڵتەزێنی لێ ڕوودەدات

بێگومان بەهاتنی ئــەو کۆلیژە لە لایەك قوتابیان و کۆلیژەکە ســوودمەند دەبن بەوەی وانەی پراکتیکی لەســەر کێلگەکان دەخوێنن، لە لایەکی تر جوتیاران سوود لە مامۆســتا و قوتابیان بۆ برەودان بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری وەردەگرن.

### تەق تەق و سنوورەکەی لە قەیرانێکی قوڵی سووتەمەنیدان

سەبارەت بەکێشەی سووتەمەنی بەتایبەتی کەمی نەوتی ســپی لەناحیەی تەق تەقــدا، بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق وتی: ئەو پرسیارە زۆر لە جێگای خۆیەتی، چونکە ســنوورەکە بەگشتی لە ئەزمەی ســووتەمەنی دایە، گەرچی هەمــوو لایەك دەزانین ڕۆژانــە بڕێکی زۆر نــەوت لە تەق تــەق بەرهەم دەهێنرێت.

لەســاڵی (٢٠١٠) بەشە ســووتەمەنی تەق تەق و ناحیەکانی تری کۆیێ ڕاســتەوخۆ لە کەرکوکەوە بۆمان دەهات و کێشــەی سووتەمەنیمان نەبوو، بەڵام لەســاڵی تازەدا (٢٠١١) ئەو بەرنامەیان گۆڕی لە جیاتی ئەوەی سووتەمەنیەکان ڕاستەوخۆ بۆمان بێت، بەڵکو هەمان ئەو تانکەرانە ســووتەمەنیەکان دەبەنە شــاری کۆیێ لەوێ بەتاڵی دەکەن لــە پاش دوو، ســێ ڕۆژ هەمان سووتەمەنی لەتانکەر دەکرێتەوە و بۆمان دێت، بەمەش کێشــە و کەمی سووتەمەنی لە ناحیەکەمان دەستی پێ کردووە، بۆیە ئێستا تەق تەق و سنوورەکەی لە قەیرانێکی قوڵی سووتەمەنی دان. هەر بۆ نموونە لەم زســتانەی ڕۆیشــت توانیوومانە تەنیا یەك بەرمیل نەوتی ســپی بدەین بە بەشێك لە هاووڵاتیانی سنوورەکە و تا ئێستاش هەندێك بریکار بەشــە نەوتی وەرنەگرتووە، گەرچــی ئەوە جەژنی نەورۆزیشــمان بەڕێکردوو و وەرزی سەرماوســۆڵە نەماوە.

### نەخشەی بنەڕەتی تەق تەق بەپێی پێویست و ئەندازەی نییە

سەبارەت بەوەی ئایا ماستەرپلان بۆ شارۆچکەی تــەق تەق کــراوە؟ بەڕێوەبەری ناحیــەی تەق تەق وتی: لە ســاڵی (٢٠٠٠) نەخشەی بنەڕەتی بۆ تەق تەق دروســتکراوە، بەڵام نەخشــەکە بەپێی پێویست و ئەندازەیــی نەبــووە، بۆیە لە کاتــی ئەنجامدانی کار و پــرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ناو ســەنتەر و گەڕەکەکان چەندین کێشــە و گرفت دێتە پێش، هەر بۆ نموونە کۆڵان هەیە ناتوانی ســتوونێکی کارەبای لــێ بچەقێنی. لەدوای ڕاپەڕیــن بەتایبەتی دوای ئــازادی عێراق ناحیەی تەق تەق زۆر بە کتوپڕی و بە خێرایەکی زۆر و بێ وێنە گەشەی کرد، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر خانووی زێدەڕۆی تێدا دروستکرا و کۆڵان و گەڕەکەکان ناڕێك و بێســەروبەر دەرچوون، بۆ نموونــە کۆڵان هەیــە ســەرێکی خانووی لێ دروستکراوە ناتوانی لێی دەربچیت. بەڵام بەهاوکاری پەرلەمانتارانی ســنووری تەق تــەق و کۆیە بڕیارە بــە پێی بڕیاری ژمــارەی(٥)ی پارێزگای هەولێر چارەســەری خانووە زێدەڕۆییــەکان بکەین، لە تەق تــەق هەموو ئەو خانووانەی پێش ســاڵی (٢٠٠٠) بە زێدەڕۆیی دروســتکراون لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێت بۆ ئەو مەبەستەش سێ لیژنە دامەزراوە، بەڵام پێویستە ماستەر پلان کە نەخشەی ئێستا و داهاتووە بۆ ناحیەی تەق تەق دروســت بکرێت، لەبەر ئەوەی گەشەکردنی شــار بەردەوامە بە پێی ماستەرپلانیش شارەکەمان جوانتر و سەرکەوتووتر دەبێت.

### هاووڵاتیانی تەق تەق داوای ڕێژەیەك لە داهاتی نەوتی ناوچەکە دەکەن

لە کۆتایــدا بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق وتی: داواکاری ناحیەی تەق تەق و ســنوورەکە بەگشتی ئەوەیــە کە لــە داهاتی نەوتی ناوچەکــە بڕێك بە ناحیەی تەق تەق بدرێت، بۆ بوژاندنەوە و پێشخستنی ناوچەکەیان، بەتایبەتی ئێســتا کە ڕۆژانە زیاتر لە (١٠٠) بەرمیل نەوت لە ســنووری تەق تەق بەرهەم دەهێنرێت.

هەروەهــا بۆ گەڕانەوەی خەڵك بۆ گوندەکانیان و ئاوەدانکردنەوەی سنوورەکە بەشێوەیەکی سەردەمیانە وەکو یەکەی ئیدارەی ناحیەکە پشتگیری لەپێشینەی خانوبــەرە دەکەیــن بــۆ هاووڵاتیانی گونــدەکان، لەبەرئــەوەی هاوکارییەکی گــەورەی هاووڵاتیانە، لەمبارەشــەوە لەماوەی ڕابردوو (٣٢٠) کەشــفمان بۆ هاووڵاتیانی گوندەکانی ســنوورەکەمان کردووە، لەم ژمارەیەشــدا (٢١٥) نووســراویان بۆ کراوەو لە پێشینەی خانوبەرە سوودمەند بوون.

# پێواری کەلتووری دیموکراسی!!



کنێر عەبدوڵڵا

کۆمەڵی کوردەواری لە ئیمڕۆدا گیرۆدەی گەلێك چەمکە، لەوانە: ستەم، زۆرداری، ناسەقامگیری، ناهاوسەنگی و دواکەوتوویی، ئەمەش گرێدراوی هۆکارگەلێکە کە بەگشتی خۆی لە نەبوونی هۆشمەندیی و پێواری کەلتووری دیموکراسی راستەقینە لە کۆمەڵدا خۆی دەبینێتەوە ئەوەشە وایکردووە کە هەمیشە دەسەڵاتدارە سیاسەتمەدارەکان لە کۆمەڵی ئێمەدا رواڵەتکارانە و رووکەشانە بە ناچاری مامەڵەیان لەگەڵ ئەم چەمکەدا کردووە و تەنیا لە پیرەوەچوون بۆ سندوقەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنەکان و خۆپاڵاوتندا کورتکراوەتەوە، چونکە کارکردن بە بنەماکانی دیموکراسی کە خۆی لە حوکمڕانی چاك، فەراهەمکردنی ئازادییەکانی تاك، بوونی کۆمەڵگەی شارستانی، سەروەریی یاسا و دامەزراوەییدا خۆی دەبینێتەوە، زۆر جار یەکانگیر نابێتەوە لەگەڵ شێوازی کارکردن و ئەقڵیەتی مامەڵەکردن و خەونی دەسەڵاتدارەکاندا، بگرە زۆر جار بە مەترسیدار زانراوە بۆ مانەوەی بەردەوامییەتدان بە دەسەڵات و بڕیارەکان و دیاریکردنی چارەنووسیان. بۆیە دیموکراسی وەك چەمکێکی سیاسی، شارستانی و ئەقڵانیی نەك زانستی هەمیشە رێگری و ئاستەنگەکانی بەردەمی لە کۆمەڵی ئێمەدا فرەلایەن بووە و مامەڵەکردن و بەرجەستەبوونی لە کۆمەڵدا پێویستی بە هاتنە ئاراوەی هەلومەرجی مێژوویی گونجاو و زەمینەخۆشکردن و هێنانەئاراوەی مەرجەکانی هەیە، ئەو مەرجانەش بەدەر لە بوونی بنەما و کۆڵەکەکانی دیموکراسی خۆی لە شارستانیبوون و دامەزراوەبوون و گەشەکردنی هۆشمەندی و کرانەوەی ئەقڵ و چەسپاندنی ئازادی و هاووڵاتیبوون و گەشەکردنی لایەنی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە.

بوونی ئەو واقیعە کاریگەری بەسەر رەوتی گەشەکردنی مەسەلەکانی ژنانەوە هەبووە و بگرە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دواکەوتوویی بزووتنەوەیەکی راستەقینەی ژنان و بەدەستنەهێنانی مافەکانیان پێواری کەلتووری دیموکراسییە لە سیاسەتی فەرمانڕەوایان و کۆمەڵدا، چونکە هەمیشە دەسەڵاتداران بەپێی پێویستی هەلومەرج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ ئەم چەمکە فراوانەدا کردووە و بەرتەسکیان کردۆتەوە لە بەرزکردنەوەی دروشم و قسەکردنی بێ بنەما و رتوشکردنی راستییەکاندا. ئەمەش بۆتە هۆی پەردەپۆشکردنی مەسەلە راستەقینەکە کە ئەوەش زۆرجار بە ناچاری بۆ ئەوە بووە کە دیموکراسی و ئازادی و جێگیری و باوەڕبوون بە مەسەلەی ژنان بکەنە دەروازەیەك بۆ نیشاندانی رووی گەشی خۆیان لەبەردەم پێشکەوتنەکانی دنیا و وڵاتە زلهێزەکاندا و لە هەمان کاتدا وا نیشانی بدەن کە کارکردن بە کۆڵەکەکانی دیموکراسی بۆتە بەشێك لە سیاسەتیان. دووفاقیەت لە بەکارهێنان و کارکردن بە چەمکی دیموکراسی لەلایەن حوکمڕانانەوە زیان و مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ داهاتووی کۆمەڵ و هاووڵاتیان بەوەی هەمیشە لە قاڵبێکی تەسکی ژێردەستەیی و ناسەقامگیری و دواکەوتوویيدا دەیهێڵێتەوە، چونکە دواتر دیموکراسی پێویستە بە کردار کارپێبکرێت نەك قسەکردن و ببێتە شێوازی ژیان و رەنگدانەوەی لە کردار و فیکری هەر تاکێکدا هەبێت، نەك کارپێکردنێکی سیاسییانەی رووت هەروەها رەنگدانەوەی لە سیستمی قۆناغەکانی خوێندندا نەك قەتیسکردنی. پاشان کارکردنی فیعلی بە بەهاکانی وەك ئازادی، یەکسانی، فرەلایەنی سیاسی و بیر، لێبوردەیی یان هەڵکردن و تاکگەرایی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و فرەدید و بۆچوون، چونکە بێ بوونی ئەمانە دیموکراسیەت تەنیا دەبێتە مەرەکەبی سەر کاغەز و هیچ کاریگەری و بایەخێکی نابێت بۆ گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵدا.